# نەورۆز ئەفسانە نییە

# ڕووداوێکی مێژووییە



## چۆنیەتی سەرهەڵدانی نەورۆز لە ڕوانگەیەکی مێژوویی و زمانەوانییەوە

فازڵ ئوسولیان

# نەورۆز ئەفسانە نییە
# ڕووداوێکی مێژووییە

## لێکۆڵینەوەیەک لەسەر
## چۆنیەتی سەرهەڵدانی نەورۆز لە
## ڕوانگەیەکی مێژوویی و زمانەوانییەوە

**فازڵ ئوسولیان**

**سوید ٢٠١٨**

© Fazel Osolian
Tryck: Författares Bokmaskin
Stockholm 2018
ISB 978-91-982662-3-8



## وێنەی سەر بەرگەکە:

نابوپاڵاسـار پادشـای بابل بۆ شـەڕ لە دژی ئاشـوورهیوایەکی زۆری بە هێزەکانی ماد بوو. هەر بۆیەش بەر لە ڕاپەڕینی مادەکان و گەلانی ناوچەکە لە دژی ئاشـوور لەگەڵ کەیخەسرەو پەیمانی دۆستایەتی بەست و ئامی تیدا ( Amiitida) کچی کەیخەسرەویشی بۆ کوڕەکەی خۆی نابوخودونوسور (Nabuxodonosor) خۆاست.

ئەو ئەشکەوتەی لای چەمی ڕێزان نزیکی سلێمانی کە بە ئەشکەوتی قزقاپان ناسراوە، شوێنی ئارامگای پادشای گەورەی ماد کەیخەسرەوە. لەسەر دەرگای چوونە ژورەوە بۆ ناو مەزارەکە پەیکەری دووپادشـای لێ هەڵکەندراوە کە یەکێ لەوانە کەیخەسـرەوە و ئەوی دیکەیشـیان نابوپالاسـار پادشـای بابلە. ئەم پەیکەرانە ئاماژەیەکە بۆ ئەو پەیمانبەستنەی نێوانیان. دیاکۆنۆڤ دەنووسـی بە ئەگەرێکی زۆر ئەوەی لای ڕاستیان پەیکەری کەیخەسـرەوە[1]. (ڕوونکردنەوە زیاتر لەسـەر ئەم بابەتە لە ل.پ. ٤٥دا هاتووە).

---

[1] مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ. ٣٩٥

# ناوەڕۆک

| | |
|---|---|
| **سەر دێر** | **لاپەڕە** |
| **پێشەکی** | ٧ |
| بۆچوونە جۆربەجۆرەکان لەسەر نەورۆز | ٩ |
| سەرچاوەکانی زانیاری لەسەر نەورۆز | ١٧ |
| ڕووداوی یەکەم | ٢٥ |
| ڕووداوی دووەم | ٢٩ |
| تێبینییەکان | ٣١ |
| ڕەوتی سەرهەڵدانی نەورۆز | ٣٦ |
| ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە | ٤٤ |
| سەرچاوەکان | ٥٢ |

# پێشەکی

مەبەســـت لە نووســـینی ئەم وتارە، ڕوون کردنەوەی ڕاســـتییەکان و هۆکارەکانی پەیدابوونی نەورۆزە لە ڕوانگایەکی زانستی و مێژووییەوە. ئەو نووسروانە کە هەتا ئێســـتا لەســـەر نەورۆز لە لایەن نووســـەرانی کورد، فارس و هەروەها بیانییەوە نووســـراون زۆر شـــتی ڕاســـت و ناڕاســـتیان لەگەڵ یەک تێکەڵ کردووە. لێرەدا تێ دەکۆشـــرێت لە ڕووداوە مێژووییەکانی دانیشـــتووانی کۆنی وڵاتی کوردەواری لە سەردەمەکانی کۆندا بکۆڵدرێتەوە و هۆکاری سەرهەڵدانی نەورۆز ڕوون بکرێتەوە.

لەم لێکۆڵینەوەدا بە هێنانەوەی بەڵگەی باوەڕپێکراو ئەمە سەلمێندراوە کە ئەو **"ئاز-ی دهاک"**ە کە فێردەوســـی لە "شـــاهنامە"دا ناوی هێناوە، لە ڕاســـتیدا پادشـــایەکی کوردان لە هۆزی "مانناییی"یە . کە لە ڕاپەڕینێکی ناوخۆییدا بە دەســـتی خەڵکی ناوچەکە کوژرا. هەروەها ئەمەش ڕوون دەکرێتەوە کە نەورۆز جێژنی سەرکەوتنی شـــۆڕشـــی خەڵکانی ناوچەکەیە بە ســـەرکردایەتی مادەکان بەســـەر ئیمپراتوری ئاشـــووریدا. ئاشـــوورییەکان بۆ ماوەی چەندین ســـەدە بەشـــێوەیەکی زۆر دڕندانە بە ســـەر دانیشـــتووانی کۆنی وڵاتی کوردەواریدا فەرمانڕەواییان دەکرد. بەهەزاران کەس لە خەڵکی ئاسایی و بەسەدان سەرۆک هۆز و میر و بەدەیان پادشایان کوشت، گەلێ جاران بۆ تۆقاندنی خەڵک هەر بە زێندویی کەوڵیان دەکردن. هەر شـوێنێکیان کە داگیر بکردایت تاڵانیان دەکرد و خەڵکەکەشیان دەبردن و دەیانکردن بە کۆیلە.

ئەم ڕەوشـــە بوو بە هۆی بێزاری و کینێکی زۆری هەموو کۆمەڵانی خەڵکی دانیشتووی مێزوپۆتامیا، تەنانەت بە خەڵکی ئاسایی ئاشووریشەوە. بۆیە شۆڕشێکی گەورە و گران و درێژخایەن لە دژی ئاشـوور سـەری هەڵدا. یەکەمین جار لە ساڵی ٧١٦ پێش زایینیدا خەڵکی ناوچەکە لە ڕاپەڕینێکدا "ئاز-ی دهیوک / ئاز-ی دهاک" پادشـــای مانناییان بە تاوانی بەرئەنگارنەبوونەوەی هێزەکانی ئاشـــوور و هاوپەیمانی لەگەڵ ئاشـووردا کوشـت. ئەمە یەکەمین جار بوو لە مێژوودا کە خەڵکی ئاسـایی لە دژی فەرمانڕەوایەکی خۆیی دەســـتیان دابوو شـــۆڕش و ڕاپەڕینەوە و پادشـــا و ســـەرۆکەکانی خۆیانیان بە تاوانی خەیانەت و هاوپەیمانی لەگەڵ داگیرکەراندا بە سزای مەرگ گەیاند.

**ئەمە هەمان ڕووداوە کە فێردەوســـی بە ناوی داســـتانی ڕاپەڕینی کاوەی ئاسنگەر لە دژی ئازی دهاک لە شاهنامەدا نووسیویەتەوە.**

خەبات و بەرخۆدان لە دژی ئاشوور درێژەی هەبوو. ساڵێک پاش ئەم ڕووداوە واتا لە ساڵی ٧١٥ پ.زدا ڕاپەڕینێکی گەورە لە ناوچەی خارخار(تیکانتەپە/ تیکاب= نووسەر) لە دژی داگیرکەری ئاشوور هەڵگیرسا و زۆری نەخایاند کە تەشەنەی ستاند و ناوچەکانی ئەلیپی (کرماشان) و بیت هامبان (ئیلام و خانەقین و کرند) و نامار (گەرمیان)یشی گرتەوە.

**لە مانگی نەورۆزی ساڵی ٦١٤پ.ز سپای ماد لە دیجلەوە پەڕینەوە و سپای ئاشووریان تووشی شکستێکی گەورە کرد و "ئاشوور" شاری پیرۆزی ئاشوورییەکانیان داگیر کرد. گرتنی ئاشوور کە شاری خودایانی ئاشوورییەکان بوو، ورەی ئیمپراتووری ئاشووری بە تەواوی ڕووخاند.**

سەرئەنجام سپاکانی کەیخەسرەو پادشای ماد و نابوپالاسار پادشای بابل لە ساڵی ٦١٣ پ.ز.دا گەمارۆی نەینەوایان دا، سێ جاران لە قەراخی "شورا"ی نەینەوادا نەبەردیان کرد، هیچیان سەر نەکەوتن. لە مانگی "ئاب"ی ساڵی ٦١٢ بە هۆی گێرانەوی ئاو بۆ ناو نەینەوا توانرا دیوارەکانی نەینەوا بڕووخێنن و لە ناو شارەکەدا سپای ئاشوور بە یەکجاری تەفروتوونا بکەن، و ئاگر لە کۆشک و سەراکانیان بەردەن.

**ئەم ڕووداوە هەمان داستانە کە فێردەوسی بە ناوی شەڕی فەریدون لەگەل زۆحاکی سامی لە شاهنامەدا تۆماری کردووە.**

# بۆچوونە جۆربەجۆرەکان لەسەر نەورۆز

نەورۆز بێگومـان کۆنترین جێژنی ئێرانییەکـانە کە نەک تەنیـا لە نێو کوردەکـان بەڵکوو لە نێو هەموو نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاسـتیش وەکوو جێژن هەر ماوەتەوە و سـاڵانە یادی دەکرێتەوە. بەڵام نەورۆز چییە، کەی و چۆن سـەری هەڵداوە؟

درۆ نییە ئەگەر بگوترێت کە لە جیهـانـدا کەم مژاری فەرهەنگی هەیە ئەونـدەی نەورۆز شـتی لەسـەر نووسـرابێ. لانیکەم لەم ١٢٠٠ سـاڵەی دواییدا لە لایەن مێژوونووسـان، هەڵبەسـتوانان و زانایانەوە زۆر شـتی ڕاسـت و ناڕاسـت لەسـەر نەورۆز نووسراوەتەوە.

بەڵام بەداخەوە تا ئێسـتا نەتوانراوە ڕاسـتی نەورۆز بەو جۆرەی کە بووە نیشـان بدرێت.

**نەورۆز نە ئەفسـانەیە و نەش جێژنی سـەری سـاڵ بووە. بەڵکوو ڕووداوێکی ڕاسـتەقینەیە، بەشـێکە لە مێژووی کۆنی دانیشـتووانی ئەو وڵاتەی کە ئێسـتا کوردستانی پێ دەڵێین. نەورۆز پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ ڕووداوەکانی مێژوویی ناوچەکە و لەگەڵ نەتەوەکانی تردا. ئەم ڕووداوە مێژووییە بەجورێک دەماودەم کراوە و بە زێڕ و زێوی ئەفسـانەییەوە ڕازاوەتەوە کە ناسـینەوەی ڕووالەتی ڕاسـتەقینەی ڕووداوەکە بووتە ئەسـتەم. لێرەدا تێ دەکۆشـرێت بە پشـتبەسـتن بە بەڵگە مێژووییەکان تا ئەو جێگایە کە دەکرێ ئەم بابەتە ڕوون بکرێتەوە.**

ئەگەر لەو کۆمەڵە کتێب و هەڵبەسـت و وتارانە کە لەسـەر نەورۆز نووسـراون بکۆڵدرێتەوە، چەند ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازیان تێدا بە دی دەکرێت لەوانە:

**١- نەورۆز ئەفسـانەیە:** بەپێی ئەم بۆچوونە نەورۆز ئەفسـانەیەکی کۆنی ئێرانییە و هیچ بۆنێکی لە ڕاستی تێدا نییە. بۆ نموونە دوکتور سەید جەعفەری حەمیدی مامۆستای زانستگە و نووسەری فارسیی زمانی ئێرانی لە وتارێکی خۆیدا بەناوی "ماجرای کاوە و ضحاک در شـاهنامە" لە گۆڤاری ئائین پارس ژمارەی ٨٤ لاپەڕەی ٥١دا ئاوا دەنووسێ:

**داســــتانی زۆحاک و کاوە بەرلەوەی کە ڕووداوێکی ڕاســـتەقینە بێ، ڕووداوێکی ئەفســـــانەییە، بێ گومـان نە زۆحـاکێـک هەبووە و نـەیش کاوەیەک.**
بەشـــێکی زۆر لە مێژوونووســـان و زانایانی ڕۆژئاواییش لایەنگری ئەم بۆچوونن.

**( ئەم بۆچوونە هەڵەیە، ئەو کەســـانە کە ئاوا دەڵێن لە فەرهەنگ و مێژووی کۆنی دانیشتووانی کوردستان تێنە گەیشتوون).**

**٢- نەورۆز جێژنی سروشتە:** بەپێی ئەم بۆچوونە ئارياييەکان دوو وەرزیان هەبووە وەرزی زمســـتان (zima/ زما) و وەرزی هاوین/ هامین (hama/ hamen). لە دەستپێکی هەر کام لەم وەرزانەدا خەڵک جێژنیان گرتووە، واتا بە دەســـتپێکردنی وەرزی گەرمـا جێژنی نەورۆز و لە دەســـپێکی وەرزی زستانیش جێژنی مێهرگان. بەپێی ئەم بۆچوونە نەورۆز کاتی دەستپێکردنەوەی وەرزێکی نوێ و ژیانەوەی سروشتە.

**(پێویستە ئەمەش ڕوونبکرێتەوە کە وشەی "زما"[2] ئێستاش لە کوردیدا هەر واتای سەرما دەدات و هامین/ هاوینیش وشەی ئاسایی کوردین).**

جیمز دارمێستتر نووسەر و ئەوێستا ناسی بەناوبانگ لەم بارەوە ئاوا دەڵێ:"داستانی زۆحاک پاشماوەی یەکێ لە ئەفسانە کۆنەکانە کە لە بنەڕەتدا لە سروشت و ڕووداوە سروشتیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەژدیهای ســێ قەپۆز یان ســێ ســەر هەمان ئەژدیهای بۆرانە کە لە کتێبی "ودا"ی هێندییەکاندا لەگەڵ خوداوندی ڕۆشـــنایی (ڕب النوع نور) لە شــــەڕدایە. هەروەها دەڵێ تەنانەت لە ئەوێســـتاشـــدا پاشـــماوەی ئەم چیرۆکە ماوەتەوە، ئەویش شـــەڕی ئاترە (ئاگر) لەگەڵ ئاژی دهاک. هەر ئەم شــــەڕە لە کتێبی "ودا" لە نێوان "ئاهی" و "ئیندیرا" خۆدای ڕۆشنایی بەردوامە[3].

**( ئەم بۆچوونەش ڕاســــت نییە، هەرچەند نەورۆز کەوتووەتە وەرزی بەهار و ســــەری ســـاڵ بەڵام دواجار ئەم بابەتە ڕوون دەکرێتەوە کە لە ڕۆژگاری کۆندا**

---

[2] فەرهەنگی هەنبانە بورینە، هەژار، تاران ١٣٦٩، ل.پ. ٣٨٠

[3] حماسه سرایی در ایران، ذبیح الله صفا ص ٤٥٧

**وەکوو ئێستا نەبوو کە نەورۆز هەر لە یەکەم ڕۆژی بەهار و لە سەری ساڵدا کرابێتە جێژن، بەڵکوو هۆکاری سەرەکی جێژنی نەورۆز ڕووداوێکی گرینگی مێژووییە نەک وەرزی بەهار و سەری ساڵ).**

**٣- نەورۆز جێژنێکی ئائینیە:** بەپێی ئەم بۆچوونە نەورۆز لە ڕۆژگاری "جەمشید" چوارەمین پادشای سەردەمی پێشدادی سەری هەڵدا و هەر لەو سەردەمەدا بوو بە "ئایین". مەسعودی لە کتێبی "التنبیه و الاشراف"دا ئاوای نووسیوە: هورمز (خۆدا) لە یەکەم ڕۆژی مانگی فەروەردیندا دەستی داوەتە دادگەری و لە پاشان ئەم ڕۆژە کرا بە نەورۆز و دواجاریش بوو بە نەرێت[4].

لەدوای پەرەسەندنی ئائینی ئیسلام لە کوردستان و بە گشتی لە هەموو ئێراندا، کاربەدەستانی عەرەب (ئیسلامی) نە تەنیا دژایەتییەکی وایان لەگەڵ جێژنی نەورۆز و ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی نەورۆز نەکرد، بەڵکوو زۆریشیان پێ خۆش بووە کە دیارییان وەکوو جێژنانەی نەورۆز بۆ دەهات. جا بۆیە تێ کۆشراوە وردە وردە ڕواڵەتێکی ئایینیش بە نەورۆز بدرێت تا ڕەوایەتییەکەی مسۆگەر بێت.

شێخ سەدوق (صدوق) لە کتێبی "من لایحضره‌الفقیه" نووسیویەتی: [5]

- جارێکیان دیاری نەورۆز واتا "جێژنانە"یان بۆ عەلی کوڕی ئەبی تالێب (علی ابن ابی طالب) هێنابوو فەرمووی ئەوە چییە؟ وتیان ئەی ئەمیر! ئەمرۆ ڕۆژی نەورۆزە ئەمەش جێژنانەی نەورۆزە، فەرمووی هەموو ڕۆژێکمان لێ بکەن بە نەورۆز.

"شێخ تووسی (طوسی) لە کتێبی " مصباح المتهجد" ئاوای نووسیوە:[6]

- ئیمام سادێق لە ڕۆژی نەورۆزدا فەرمووی کاتێ کە نەورۆز هات بچووو غوسڵ بکە و جلوبەرگی پاک بپۆشە و بۆنی خۆش لە خۆت بدە و ئەو ڕۆژە ڕۆژوو بگرە، دوای ئەوەی کە نوێژی ڕۆژانەت بەجێ هێنا نوێژێکی تری چوار ڕەکعەتی بکە، لە ڕەکعەتی یەکەمدا سورەی

---

[4] http://farhangi.um.ac.ir/portal/?q=node/16719
١٢-١٢-٢٠١٥

[5] http://farhangi.um.ac.ir/portal/?q=node/16719
١٢-١٢-٢٠١٥

[6] http://marefatema.ir/%D8%B9%DB%8C%D8%AF-%D9%86%D9%88%D8%B1%D9%88%D8%B2/

حەمد و دە جاران سورەی قەدر دەخوێنی. لە ڕەکعەتی دووەم سورەی حەمد و دە جاران سـورەی کافرون دەخوێنیت. لە ڕەکعەتی سـێیەم سـورەی حەمد و دە جاران سـورەی تەوحید دەخوێنیت و لە ڕەکعەتی چوارەم سورەی حەمد لەگەڵ سورەکانی فلق و ناس دەخوێنیت. لە پاش نوێژەکەت سـوجدەی شـوکر بەجێ دێنێ و نیایش دەکەی، ئەمجا خۆدا لە گوناهانی پێنجا ساڵەت خۆش دەبێ".

**(وا دیارە بەپێی بۆچوونی ئیمام سـادێق هەموو کەسـێک هەر لە منداڵیەوە هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرێ هەر خەریکی تاوان و گوناه کردنە!).**

" ابن فهد حلّی" لە کتێبی "المهذّب البارع" ئاوای نووسیوە:[7]

- ئەو شـتەی کە لەسـەر سـەروەری نەورۆزیان گێڕاوەتەوە و وتەکانی ئیمە پشـتڕاسـت دەکاتەوە "حدیث"ێکە کە زانای گەورە "سید بهاءالدین علی بن عبد الحمید"بە بەڵگە لە " مُعلّی بن خُنیس" گێڕاویەتەوە کە : ڕۆژی نەورۆز هەمان ڕۆژە کە پەیامبەر لە غەدیری خوم (غدیرخم) بەڵێنی بۆ "علی ابن ابی طالب" وەرگرت و موسـلمانەکان دانیان بە "ولایت"ی ئەودا نا".

**( ئەم بۆچوونانەش بەگشـتی هەڵەیە و تەنیا کەڵک وەرگرتنە لە خۆشـەویستی و ڕێزی نەورۆز بۆ مەرامێکی تر).**

**٤- پرۆفیسـور "گایگر"[8]ی ئاڵمانی کە شـارەزای بواری ئێرانیناسـی و هەروەها زمانە کۆنەکانی ئێرانی بە تایبەت ئەوێسـتاییە، دەنووسـێت:** کە بەر لە هاتنی ئیسلام، نەورۆز جێژنی ڕێزگرتن لە مردوەکان یان بەجۆرێکی تر جێژنی ڕێزگرتن لە ڕەوانی مردوەکـان بوو. دەڵێ خەڵـک لەو سـەردەمەدا لە ڕەوانی مردوەکـان دەترسان کە نەکا لێیان توڕەبن و ئازاریان بدەن بۆیە قوربانیان بۆ دەکردن و خوراک و خواردنەوەیان بۆ ئامادە دەکردن تا خاتریان بەدەسـت بێنن (ڕازییان بکەن) و ببنە هۆی خۆشـحاڵییان. دەڵێ بەپێی ئەم باوەڕە هەر کەسـێ لەم جیهانەدا فریشـتەیەک بە ناوی "موەکڵ"ی هەیە کە وەک جمک (لف) لەو ڕۆژەوە کە لە دایک دەبێ هەتا ئەو

---

[7] هەمان سەرچاوە

[8] نوروز، پروفسور گایگر آلمانی، ، کاوه، شمارۀ 6/5، 18 آوریل 1916

ڕۆژەی کە دەمرێ هەر لەگەڵیدایە کە مرد ئەم ڕەوانە (فریشـــتەیە) لە لەشـــی جیا دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ سروشت.

**ئەم وتانەی گایگر لەســـەر هەبوونی جێژنێک بەناوی جێژنی مردوان ڕاســـتە، ڕێزگرتن لە مردوان لە کاتی نەورۆزدا جاران لە کوردستاندا هەبووە، ئێستاش لە هێندێک لە بەشـــەکانی کوردســـتندا هەر باوە. لە کتێبی "کُردی ایلامی (بررســـی گویش بدره)" واتا "کوردی ئیلامی لێکۆڵینەوە لە شێوەزاری بەدرە" لە نوسینی دوکتور غولامحوسینی کەریمی دوستان لە لاپەڕەی ۲۳دا لە سەر جێژنی مردوان لە ناوچەی ئیلام ئاوا دەنووســێ: "خەڵک ڕۆژێک بەر لە جێژنی نەورۆز چێشـت و مێوە لەگەڵ خۆیان دەبن و دەچن بۆ گۆڕســـــتان و لە پاش خوێندنەوەی دۆعا بەسـەریاندا دەست دەکەن بە خواردنی، هەروەها شـەوی بەر لە نەورۆزیش هەر ماڵێک چێشـــتی شـــەویان لە چەند قاپێک دەکەن وهەر قاپێکیش بۆ یەکێ لە مردوەکان دەســـتنیشـــان دەکرێ و لە دوای خوێندنەوەی دۆعا بەســـەریاندا ئەمجا دەیخون"[9].**

**بێجگە لەمە هەر ئێستاش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا لە کاتی جێژنەکاندا خەڵک دەچن بۆ گۆڕستان و مردوەکانی خۆیان بەسـەر دەکەنەوە و بۆ ئاسودەیی خاتر و لێخۆشـــبوونی ڕەوانی مردوەکانیان بەخشـــش دەکەن. بەڵام هەر وەک دواجار ڕوون دەکرێتەوە نەورۆز هیچ پەیوەندییەکی بەم بابەتەوە نییە.**

لەسەر **"موەکڵ"**یش کە پڕوفێسور گایگر باسی لێ دەکا، لە فەرهەنگی کوردەواریدا هیشـــتا هەر ماوەتەوە، لە ناوچەکانی باشـــووری کوردســـتاندا لە قســـەی ڕۆژانەی خەڵکـدا هەر بەکـار دێـت بەڵام نەک وەک فریشـــتە، زیـاتر کەســـــایەتییەکی (کارئاکترێکی) نەرێنی هەیە وەک دێو، بۆ نموونە دەڵێن: بووەتە موەکڵی گیانم، یان دەڵێن وەک موەکڵ کەوتووەتە شـــوێنم وازم لێ ناهێنێ یان دەڵێن بڕۆ موەکڵم ناوێ. هەروەها لە کتێبی "فەرهەنگی باشووردا" لەسەر موەکڵ ئاوا نووسراوە:[10]

**"موەکـڵ وەک دێو لە هەموو چەوتەکـان چەوتترە (گیچەڵکـارە). چەوتە وەکوو ئەرجن (ئەرژن یان ئەرژنگ ناوێکی کۆنی ئێرانییە) خۆارزای موەکڵ، برای دێو و جن".**

---

[9] دکتر غلامحسین کریمی دوستان، کردی ایلامی (بررسی گویش بدره) دانشگاه کردستان، ص.۲۳ ۱۳۸۰

[10] موەکڵ: چو دیو "چەفتلی چەفتان"، چەفتە چو ئەرجن- خوارزایَ موەکڵ، برای دێو و جن. (فارسی: دیو صفت) [فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، ۲۰۰۵، ل.پ.٦٣٥].

**٥- ژمارەیەک لە مێژوونووســـــان و لێکۆڵینەرانی فـارس، بەبێ هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو، جێژنی نەورۆز و کوشـتنی ئازی دهاک بە شـەڕی نێوان کورەشی هەخامەنشی و ئاستیاگ دوایین پاشای ماد دەبەستنەوە و بە ئەنقەســـت دەیانەوی بڵێن کە فەریدون هەمان کورەشـــە و ئازی دهاکیش هەمان ئاســتیاگ پادشـــای مادە کە ئەمە هیچ ڕاســتییەکی لە پشــت نییە. نە کورەش فەریدونە و نەش ئاســتیاگ ئازیدهاکە. شـــەڕەکانی نێوان کورەش و ئـاســـتیـاگ لەگەڵ کوژرانی ئـازی دەهـاک دوو ڕووداوی جیـاوازن کە بە لانێکەمەوە ١٧٠ ســـال لەیەک دوورن. ئەم بۆچوونە زۆر ســـســـت و بێ بنەمایە، دواجار تیشکی زیاتر دەخرێتە سەر ئەم بابەتە.**

**٦- د. میهردادی بەهـار (مهرداد بهـار)، لێکۆڵەری بواری ئەفســـــانە کۆنەکـانی ئێرانی لە کتێبەکەی خۆیدا بە نـاوی "لە ئەفســـــانەوە هەتـا دیرۆک (از اسطوره تا تاريخ) لە سەر نەورۆز دەنووسێ[11]:**

**"جێژنی نەورۆز بەر لە هەخامەنشـــییەکان لە نێو دانیشـــتوانی وڵاتی کۆنی ئێراندا باوە بووە، و هەخامەنشـــییەکان لەوانەوە نەورۆزیان وەرگرتووە. (ســـەیر ئەوەیە ناڵێ لە مادەکانەوە وەریان گرتووە = نووســـەر). هەروەها دەڵێ: هێندێـک نیشـــانەمان بۆ دەرکەوتووە لە بەڕێوبردنی نەرێتی جێژنی نەورۆز لە کۆشـــکی ئاپادانا لە تەختی جەمشـــید. ئەمەش نیشـــان دەدات کە پاشـاکانی هەخامەنشـی چووبوونە سـەر ئەم داب و نەریتە کۆنە. لەم ڕۆژدا نوێنەرانی توێژەکـان و هۆزەکـانی جۆراوجۆر دەچوون بۆ لای پـادشـــا و دیارییان پێشکەش دەکرد".**

هەروەها د. مێهردادی بەهار دەنووســـی: "گێزنفون مێژوونووســـی یونانی کە لە ســەردەمی هەخامەنشــییەکاندا لە پارس بووە دەگێڕێتەوە کە لە بارگاری پادشــایاندا ئاهەنگی جێژنی نەورۆزیان بە شــکۆیەکی زۆرەوە دەگێڕا، لەوانە لەم ئاهەنگەدا لە پێشـــدا گرۆیەک لە ســـەربازان بە نەیزەوە دەهاتن، پاشـــان گا و ئەســـپیان دەکردە قوربـانی لە پـاش ئەمە گەردوونەی ئـاهورامەزدایی دەهـات وەک نیشـــانەیەک بۆ ئاهورامەزدا، پاشـــآن دوو گەردوونەی مێهر و ناهید (ئاناهیتا) دەهاتن و لە دوایی ئەمانە ئاگردانێک، ئەمجا شا لەگەڵ پیاوانی دەربار و لە پاشان سواران ونەیزەداران

[11] http://tarikhirani.ir/fa/news/54/bodyView/575/

و پیاوانی گەورە بە سوارای ئەسپ دەهاتن. لە بەیانی ڕۆژی نەوڕۆزدا پادشای هەخامەنشی لە ڕێوڕەسمی تایبەتدا بەشداری دەکرد"[12].

**(ئەم بۆچوونەی د. مێهردادی بەهار ڕاستە هەموو ئاماژەکان ئەوە دەسەلمێنن کە هەخامەنشییەکان جێژنی نەورۆزیان گێڕاوە. بەڵام گرینگی نووسراوەکەی لەمەدایە کە دەڵێت ئەوان لە دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە (مادەکان/ کوردەکان= نووسەر) وەریان گرتووە).**

**٧- نەورۆز جێژنێکی بابلی بووە:** "ئارتور کریستنسن مێژوونووس و ئێرانیناسی بەناوبانگی دانیمارکی لەو باوەڕەدایە کە نەورۆز لە بنەڕەتدا جێژنێکی بابلی بووە کە لە دەسپێکی وەرزی بەهاردا بۆ ماوەی ١٢ ڕۆژان لە پەرستشگای ئەساگیلای مەردوک (خۆدای گەورەی بابلییەکان، خۆدای ئافرینش و پارێزوانی بابل لە سەردەمی حەمورابیدا) بە شکۆ و گەورەییەکی زۆرەوە جێژن گێڕاوە و ناویان نابووە "زگمۆک" واتا جێژنی سەری ساڵ. کریستنسن دەڵێ: کورەشی هەخامەنشی لە ساڵی ٥٣٩ پ.ز. بابلی داگیر کرد. ساڵێک پاشتری واتا ساڵی ٥٣٨ پ.ز. بەشداری لەم جێژنەی کرد بەهاوڕێیەتی لەگەڵ کاهنانی شارەکەدا، لەمەو بەدواوە ئەم جێژنە بوو بە جێژنی هەخامەنشییەکانیش"[13].

**(ئەم بووچوونەش هەروا کە دواجار ڕوون دەکرێتەوە تا ئەو جێگایە کە دەڵێ نەورۆز لە لایەن بابلییەکانەوە جێژن گێڕاوە، زۆر ڕاستە، چونکە نەورۆز لە ڕاستیدا جێژنی سەرکەوتنی مادەکان و هەروەها نەتەوەکانی تری ناوچەکە بوو لە دژی داگیرکەران و ستەمکارانی ئاشووری. و هەر وەک لە نووسراوە مێژووییەکانی کۆندا دەردەکەوێ مادەکان و بابلییەکان هاوپەیمان بوون و یەکگرتووانە پێکەوە لە دژی ئاشوور ڕاپەڕین و ئاشوورین تێکشکاند و تەفروتوونایان کرد، بۆیە زۆر گۆنجاوە ئەگەر بابلییەکانیش وەک مادەکان بۆ ئەم سەرکەوتنە جێژنیان گێڕابێ. بەڵام هەخامەنشییەکان نە بەهۆی**

---

[12] http://www.ibna.ir/fa/doc/report/197210/ (١١-٠٤-٢٠١٤)

[13] آرتورکریستنسن، نخستین انسان و نخستین شهریار، نشرنو
http://tarikhirani.ir/fa/news/54/bodyView/575/

**بـابلییەکـانەوە بەڵکوو پێشـــتر لە ژێرکـاریگەری مـادەکـانـدا فێری داب و نەریتەکانی جێژنی نەورۆز ببوون).**

**٨- بەپێی نووسینی سەید حەسەنی تەقی زادە (نووسەر و کەسایەتی بەناوبانگی ئێرانی):** "لە سـەردەمی سـاسـانییەکاندا ڕۆژی نەورۆز وەک سـەری سـاڵی تازە و یەکەمین ڕۆژی مانگی فەروەردین لە سـەرەتای بەهار واتا لە یەکەمین ڕۆژی بەهاردا نەبووە، بەوجۆرەی کە ئێسـتا باوە. بەڵکوو هەر وەک چۆن ڕۆژی جێژنی ڕەمەزان و جێژنی قوربان گۆڕانی بەسـەردا دێ هەر ئاواش گۆڕان بەسەر جێژنی نەورۆزدا دەهات بەڵام نەک بەخێرایی جێژنە عەرەبییەکان، **هەتا سـاڵی ٤٦٧ کۆچی کە نەورۆز کەوتە ڕۆژی ١٣ مانگی "حوت" واتا ١٧ ڕۆژی مابوو تا کۆتایی زسـتان، لەم سـاڵەدا جەلالەدین مەلەکشـای سـەلجوقی فەرمانی دا بۆ ڕێکخسـتنەوە و بنیادنانی ڕۆژژمێری جەلالی و ئەم ڕۆژژمێرەیان بە جۆرێک داڕشـتەوە کە نەورۆز لە یەکەمین ڕۆژی بەهاردا بۆ هەمیشە جێگیر کرا"[14].**

(ڕۆژژمێری جەلالی لە لایەن ژمارەیەک لە زانایان و بیروەرزانی ئێرانی و لە ژێر سـەرپەرەسـتی بلیمەتی بەناوبانگ عومەری خەیام لە ڕۆژی سـێیەمی مانگی ڕەمەزانی سـاڵی ٤٧١ کۆچی بە ئەنجام گەیشـت. کاری داڕشـتن و ڕێکخسـتنی ئەم ڕۆژژمێرە لە سـەردەمی مەلەکشـای سـەلجوقی و بە فەرمانی (خواجە نظام الملک) ڕێکخرا بوو. = نووسەر).

**لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە نەورۆز جێژنی سـەری سـاڵ نەبووە، چونکە پێشتر گۆڕان بەسەریدا هاتووە و لە ڕۆژی یەکەمی بەهاردا نەبووە.**

**٩- ناوی نەورۆز: لەسـەر ناوی "نەورۆز"یش دەبێ ئەمە بزانین کە ئەم ناوەی ئێستایە واتا "نەورۆز" ناوێکی تازەیە و وا دیارە لە پاش ساسانییەکان ئەم ناوە برەوی ستاندوە. شاعێر و شارەزای زمانی کۆنی فارسی موحەمەد تەقی بەهار (ملک الشعرا) لە کتێبی "سـبک شـناسـی" بەرگی -١، چاپی چوارەم سـاڵی ٢٥٣٥ شـاهنشـاهی، ل.پ. ٢١٧دا دەنووسێ: لە سـەردەمی سـاسـانییەکان نەورۆز وەک "نوک ڕۆچ" گۆ کراوە. [ ڕۆچ وشـەیەکی**

---

[14] http://tarikhirani.ir/fa/news/54/bodyView/575/ (1393/3/8)

**کوردییە لەسەر شێوەزارکانی کوردیی هەورامی و فەیلی][15]. دیسانەوە لە "دینکرد" کتێبی ئایینی ساسانییەکان نەورۆز وەک "نوک ڕۆژ"[16] هاتووە کە نوک واتای نوێ دەدات و ڕۆژیش وشەیەکی ئاسایی کوردییە. ئەمەش دیسان ئاماژەیەکە بەوەی کە شوێنی سەرهەڵدانی نەورۆز لە کوردستاندا بووە.**

## سەرچاوەکانی زانیاری لەسەر نەورۆز:

لەسەر نەورۆز لە کتێبی ئەوێستای کۆندا و بەتایبەت لە گاساکاندا هیچ شتێک نەنووسراوە، هەروەها لە نووسراوە بەردینەکان و نووسراوەکانی تری سەردەمی هەخامەنشی و ئەشکانی زانیارییەکی وا لەبەر دەستدا نییە. کۆنترین ئاماژەیەک کە بە نەورۆز کراوە لە کتێبی "وەندیداد"ە ("وەندی- داد" وشەیەکی کوردیی هەورامییە و هەروەها باشوورییە کە واتای "بەندی- داد/ بەندی قانون" ئەدات). کە باسی داب و نەرێت و هەروەها یاساکانی سەردەمی ساسانی دەکات. لە "وەندی- داد"دا باسی ئەوە کراوە کە نەورۆز لە سەردەمی "یەمە" واتا جەمشید شای پێشدادی سەری هەڵداوەتەوە.

بەڵام سەرچاوەی سەرەکی بڵاوبوونەوەی زانیاریی لەسەر نەورۆز کتێبی "شاهنامە"ی فێردەوسییە. فێردەوسی بەشێکی زۆر لە مێژووی کۆنی ئێران (کورد و فارس و...) وهەروەها چیرۆک و ئەفسانە کۆنەکانی ئێرانی لە کتێبەکەی خۆیدا کۆ کردووتەوە و بە شێوەی هەڵبەست هۆنیویەتەوە.هێندێ جار ڕووداوە مێژووییەکان بەجۆرێک دەگێڕێتەوە کە لە شێوەی ڕاست دەردەچن و تێکەڵ بە ئەفسانە دەبن. بەڵام با بزانێن فێردەوسی لە سەر نەورۆز چی نووسیوە:

- داستانی نەورۆز لە شاهنامەدا بە "جەمشید"شاوە پەیوەستە، بەپێی شاهنامە جەمشید شایەکی شکۆداربوو کە ماوەی حەفتسەد ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە. لە کاتێکدا لە لوتکەی دەسەڵاتدا بوو فەرمانی

---

[15] فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٩، ل.پ.٣٥٠، هەروەها فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردی ناوەڕاست، بێدار، هولێر ٢٠١٠ ل.پ ٥٢٣.

[16]http://www.iranvij.ir/504307/%D8%B9%DB%8C%D8%AF%D9%86%D9%88%D8%B1%D9%88%D8%B2-%D8%AF%D8%B1

http://nemoonenokhbeh.blogfa.com/post/20

دا به دروستکردنی تەختێکی گەوهەرنیشان (زێڕین) کە لە ڕۆژانی یەکەمی بەهاردا بەسەر دەستی دێوان و پەرییان بەرز دەکرایەوە و خەڵکیش بە شادی بە دەست ڕاوەشاندن و پا کوتانەوە زێڕوەشانیان دەکرد. لە پاشان ئەم جێژنە وەک ڕۆژی نوێ یان نەورۆز ناوی دەرکرد، ئەم جێژنە یادگاری سەردەمی جەمشید شایە.

ئێستا با سەیری دەقی هەڵبەستەکانی فێردەوسی لە شاهنامەدا بکەین لەم بارەیەوە:[17]

همه کردنی ها که آمد به جای — زجای مهی برتر آورد پای
به فر کیانی یکی تخت ساخت — چه مایه بدو گوهر اندر نشانت[18]
که چون خواستی دیو برداشتی — ز هامون به گردون برافراشتی
چو خورشید تابان میان هوا — نشسته بر او شاه فرمانروا
جهان انجمن شد بر آن تخت او — شگفتی فرومانده از بخت او
به جمشید بر گوهر افشاندند — مران روز را روز نو خواندند
سر سال نو هرمز فرودین — برآسوده از رنج تن، دل ز کین
بزرگان به شادی بیاراستند — می وجام و رامشگران خواستند
چنین جشن فرخ از آن روزگار — به ما ماند از آن خسروان یادگار

هەروەها هەر وەکوو پێشتریش باسی لێ کرا لە کتێبی "وەندی- داد"یشدا باسی ئەوە کراوە کە نەورۆز لە سەردەمی "یەمە" واتا جەمشید شای "ئەپر داتا (پێشدادی)"دا سەری هەڵداوەتەوە. لێرەشەوە دەردەکەوێ کە سەرچاوەی نووسینەکانی فێردەوسیش لەگەڵ "وەندی- داد"دا هەر یەک سەرچاوەن.

---

[17]https://www.tasnimnews.com/fa/news/1393/11/07/634937/%D8%AF%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86%D9%87%D8%A7%DB%8C-%D8%B4%D8%A7%D9%87%D9%86%D8%A7%D9%85%D9%87-%D8%AC%D9%85%D8%B4%DB%8C%D8%AF

[18] لە هێندیک لە ڕوونووسەکانی تردا ئەم هەڵبەستە وەک "چەمایە بدو گوهر اندر نشاخت" هاتووە.
http://ir.voanews.com/a/norouz-in-shahmaneh/1873296.html
http://www.ghazalestan.com/poem.php?p=DEC14ABE

ئەمانەی کە تا ئێستا باسی لێ کرا ئەو بۆچوون و گێڕانەوانن کە لە کتێبەکاندا نووسراون، بەڵام ئەوەی کە لە نێو بیروبۆچوونی خەڵکدا ماوەتەوە و باوە، گێڕانەوەیەکی دیکەیە ئەویش ئەفسانە یان داستانی **کاوەی ئاسنگەر و ئازی دهاک یان زۆحاکە**. ئەم داستانەیش بەجوانی لە کتێبی "شاهنامە"ی فێردەوسیدا هاتووە. بۆیە ئێستا بەر لەوەی ڕاستییەکانی ئەم داستانە بخرێتە پێش چاو، باش وایە چیرۆکەکەی فێردەوسی لەم بارەیەوە بگێڕدرێتەوە. بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەمەیە کە نەک لە "شاهنامە"دا و نەک لە کتێبە مێژووییەکانی تریشدا هیچ ئاماژەیەک بە پەیوەندی داستانی ئازیدهاک و کاوەی ئاسنگەر لەگەڵ نەورۆزدا نەکراوە، بەڵام تێگەیشتنی خەڵک چ لە نێو کوردان و چ لە نێو فارسان، ڕاپەڕینی کاوەی ئاسنگەر لە دژی **"ئازی- دهاک"** و کوشتنی **زۆحاک** بە دەستی فەریدون بە سەرەتای سەرهەڵدانی نەورۆز دەزانن.

داستانی کاوەی ئاسنگەر لە زمانی فێردەوسییەوە:[19]

"زۆحاک کوڕی "مرداس" پادشای وڵاتی **"سوارانی نەیزە گوزار"**[20] پیاوێکی دیندار بوو. دێو دەچێتە دڵی زۆحاکەوە وای لێ دەکا کە باوکی خۆی بکوژی و دەسەڵات بگرێتە دەستەوە. دیسانەوە دێو وازی لێ ناینێ و دەچێتە قاڵبی چێشتلێنەرێکەوە و چێشتێکی زۆر خۆش لە گۆشت و هێلکە و مریشک بۆ زۆحاک دروست دەکا، زۆحاکیش زۆر کەیفی پێ دێ، لە پاداشتی ئەوکارەیدا لێ دەپرسێ چیت دەوێ هەتا بتدەمێ، بەڵام دێو دەڵێ هیچم ناوێ تەنیا ڕێم پێ بدە کە شانەکانت ماچ بکەم. لە دواییدا شانەکانی زۆحاک ماچ دەکا. لە پاشان ڕێک لە شوێنی ڕاموسانی شانەکانی دوو برین یان دوو دومەڵ وەک مار شین دەبن. ئەم مارانە ئارامی لە زۆحاک دەبڕن. بە ناچاری بە ڕاوێژی دێوی بەدکار بۆ سارێژکردنی برینەکە و ئارامکردنی مارەکان هەر شەوە دوو جوان (لاو) دەکوژن و مێشکیان دەکەن بە خوراک بۆ مارەکان.

زۆحاک، جەمشید شای کوشت و تاجی پادشایی لەسەر نا و ئەرنواز و شهرناز کچەکانی جەمشیدی بۆ خۆی برد. بەم جۆرە **هەزار ساڵ** بە بێدادی و گەندەڵی فەرمانڕەوایی کرد. سەرئەنجام دوو زەلامی ئێرانیی نەژاد بە

[19] http://www.tebyan.net/newindex.aspx?pid=218224 (2015-12-12)
[20] بە واتای وڵاتی عەرەبان هاتووە، بەڵام لە هێندی کتێبەکانی تردا وەک تاریخی "بلعمی" زەیدی زۆحاک وڵاتی "سوریە"ی ئێستا ناو براوە. (کە ئەمە هەر وەک دواجار روون دەکرێتەوە لە ڕاستییەوە نزیکترە).

ناوەکانی ئەرمایل وگەرمایل خۆیان کرد بە چێشـــتلێنەر و لای پادشـــا دامەزران و توانیان هەر شـــەو یەکێ لە لاوەکان ئازاد بکەن و لە باتی پەزێک سـەرببڕن. و بەم جۆرە هەر مانگێک سـی جوان ڕزگار دەبوون، کە ڕایان دەکرد و خۆیان لە چیا حەشار دەدا، ئێستا کوردان لە نەژادی ئەم جوانانەن. دەقی هەڵبەستەکانی فێردەوسی بەم جۆرەیە:

چنان بد که هر شب دو مرد جوان
چه کهتر چه از تخمه پهلوان
خورشگر ببردی بایوان شاه
و زو ساختی راه درمان شاه
بکشتی و مغزش برون آختی
مران اژدها را خورش ساختی
از اینگونه هر ماهیان سی جوان
ازیشان همی یافتندی روان
چو گرد آمدندی مرد ازیشان دویست
بران سان که نشناختندی که کیست
... کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد
که ز آباد نیاید بدل برش یاد

**درێژەی چیرۆکەکە:**

ڕۆژێک "ئازی دهاک" موبدان (پیاوانی ئایینی) و گەورەکانی بانگ کردبوو هەتا گەواهی بۆ بدەن کە چەندە پادشـــایەکی باش و دادپەروەرە. لەم کاتەدا کاوەی ئاسـنگەر خورۆشـا و هاتە ژوورەوە و چووە سـەر ئازی دهاک و پێ وت لە سـتەم و ڕەنجی تۆ زۆر بێزارم و دەناڵێنم. بۆ واز لە ڕۆڵەکانم ناهێنی. من هەژدە کوڕم هەبوو کە تۆ هەموویانت کۆشت هەر کوڕێکم ماوەتەوە ئێستا ئەوێشـم پێ ڕەوا نابینی و بە تەمای کوشـتنییت. ئەگەر من گۆناهێکم هەیە پێم بڵێ، دەنا لە خۆڕا بۆ پەڵپم (بیانـک) پێ دەگری، من پیاوێکی ئاسـنگەری بێزمانم لە دەسـتی تۆ ئاگر بەربووەتە گیانم. شـا فەرمانی دا کە کوڕەکەی پی بدەنەوە و لە پاشان پێ وت کە تۆیش دەبێ لێرە گەواهییم بۆ بدەی کەمن چەندە

پـادشـــــایەکی دادپەروەرم. بەڵام کـاوە ئەم کـارەی نەکرد و بە دەنگێکی پڕ خورۆشـــەوە ڕووی لەوانەی کرد کە لەوێ دانیشـــتبوون و پێیانی وت، ئیوە هەمووتان مروڤی ترسەنۆک و خوێڕین و ڕووتان لە دۆزەخ کردووە.

[21]خروشید و زد دست بر سر ز شاه

که شاها منم کاوه ی دادخواه

بده داد من کامدستم دوان

همی نالم از تو به رنج روان

ستم گر نداری تو بر من روا

به فرزند من دست بردن چرا

مرا بود هجده پسر در جهان

از ایشان یکی مانده است این زمان

ببخشای بر من، یکی را نگر

که سوزان شود هر زمانم جگر

شها من چه کردم، یکی بازگوی

و گر بی گناهم، بهانه مجوی

مرا روزگاری چنین گوژ کرد

دلی بی امید و سری پر ز درد

جوانی نماندست و فرزند نیست

به گیتی چو فرزند، پیوند نیست

---

[21] ماجرای کاوه و صحاک در شاه نامەی فردوسی، آئین پارسی شماره ٨٤، ص ٤٨
http://www.ensani.ir/storage/Files/20120327182650-3063-184.pdf

ستم را میان و کرانه بود

همیدون ستم را بهانه بود

یکی بی زبان مرد آهنگرم

ز شاه آتش آید همی بر سرم

تو شاهی و گر اژدها پیکری

بباید بدین داستان، داوری

اگر هفت کشور به شاهی تراست

چرا رنج سختی همه بهر ماست

سپهبد به گفتار او بنگرید

شگفت آمدش کان شگفتی بدید

بدو باز دادند فرزند اوی

بخوبی بجستند پیوند اوی

بفرمود پس کاوه را پادشا

که باشد بدان محضر اندر گوا

چو برخواند کاوه همه محضرش

سبك سوی پیران آن کشورش

خروشید کای پایمردان دیو

بریده دل از ترس کیهان خدیو

همه سوی دوزخ نهادید روی

سپر دید دل را به گفتار اوی

**کاوەی ئاسـنگەر لە پاشـان لەوێ هاتەدەر بەروانکە (بەرهەڵبینە) چەرمەکەی خۆی بە داریکەوە کرد وەک ئـاڵایەک و دەسـتی کرد بە گەڕان لە نێو کۆڵان و بازاردا و بانگی خەڵکی کرد بۆ ڕاپەڕین لە دژی پادشا. خەڵک لەگەڵ کاوە کەوتن و ڕاپەڕین و هێرشـی کوشـکی ئازی دهاکیان کرد، لە دوای دەسـتگیرکردنی قوڵبەسـتیان کرد و و بردیان بۆ کێوی دەماوەند و لەوێ زیندانیان کرد. لە هەمان کاتدا چوون بۆ لای فەریدون کوڕی ئابتین و فەرانک لە بنەماڵی جەمشـید کە لە ترسـی زۆحاک لە کێوی ئەلبورز خۆی حەشـار دابوو، و ئەویان لەگەڵ خۆیان هێنایەوە بۆ ڕەی (ڕاغە/ ماد-ڕاغە/ مەراغە) و کردیان بە پاشا.**

**ئەمە کورتەیەک بوو لە داسـتانی کاوەی ئاسـنگەر و زۆحاک، هەر وەک لەم چیرۆکەدا دیارە هیچ ئاماژەیەکی ڕوونی بە نەورۆز تێدا بە دی ناکرێ. بەڵام هەم کوردان و هەم فارسەکانیش خۆیان بە خاوەنی نەورۆز و نەورۆزیش بە بەشێک لە مێژوو و فەرهەنگی خۆیان دەزانن، و سـەرهەڵدانی نەورۆزیش دەبەسـتنەوە بەم داستانەوە. لێرە تێ دەکوشرێت ڕاستییەکانی ڕووداوی کوژرانی ئازیدهاک و جێژنی نەورۆز ڕوون بکرێتەوە.**

١- هەر وەک ئاماژەی پێ کرا، هەندێ کەس پێیان وایە کە ئەم وتانەی فێردەوسی یان ئەفسانەیە و یان سازراوی (دروستکراوی) بیر و مێشکی خۆیەتی. بەڵام ئەم بۆچوونانە ڕاست نین، ئەم داستانە لە مێشک و هزری فێردەوسـییەوە دەرنەکەوتووە، بەڵگەکانی مێژوویی ئەوە دەسـەلمێنن کە چەندین سـەدە بەر لە فێردەوسـی ئەم داسـتانە هەر لە نێو خەڵکدا چ بە زارەکی وچ بە شێوەی نووسراوە و چ بە پەخشان و چ بەشێوەی هۆنراوە هەبووە. لە شـاهنامەی "ابومنصـوری" کە سـەد سـاڵ بەر لە شـاهنامەی فێردەوسـی نووسـراوەتەوە ئەم چیرۆکە هاتووە. هەروەها لە کتێبی "تاریخ بلعمی" لە نووسینی موحەمەدی بەلعەمی لە ساڵی ٣٥٣ کۆچیدا دیسان ئەم چیرۆکە هـاتووە. و لە گشـت ئەمـانە گرێنگتر گەورەترین زانـا و مێژوونووسـی سـەدەی سـیەمی کۆچی واتا "ابو حنیفە دینوری"[22] کە بۆ خۆی کورد و خەڵکی دینەوەری کرماشـان بووە و لە نێوان سـاڵانی ٢٢١-

[22] ئەحمەد کوڕی داوود وەند خەڵکی دینەوەری لای کرماشان بووە. زانایەکی هەرە گەورەی سەردەمی خۆی بووە. لە نێوان ساڵەکانی ٢٢٢-٢٨٢ کۆچی بەرامبەر ( ٨٢٨-٨٨٩) زایینی ژیاوە. مامۆستای بواری ئەستێرەناسی، گیاناسی، مێژوو، زمانی عەرەبی و هەروەها بیروەرزی (ماتەمەتیک) بووە. نووسراوەکانی هەمووی هەر بەعەرەبین. بە گشتی ٢٢ کتێبی نووسیوە کە ژمارەیەک لەوانە وەک "الطوال" بە چەندین زمان وەک ڕوسی و فەرانسی وەرگێڕاوەتەوە.

٢٨٢ کۆچی بەرامبەر بە ســــالەکـانی (٨٢٨- ٨٨٩ زایینی) ژیـاوە، لە کتێبەکەی خۆیـدا بە نـاوی "الطوال" ئەم چیرۆکەی نووســـیوەتەوە کە جیاوازییەکی وای لەگەڵ داستانەکەی فێردەوسیدا نییە. لە کاتێکدا شاهنامەی فێردەوســـی لە ســـاڵی ٤٠٠ کۆچیدا کۆتای بە نووســـینی هاتووە، واتا دێنەوەری لانیکەم ١٣٠ ساڵ پێش لە شاهنامەی فێردەوسی ئەم داستانەی نووسیوەتەوە. دەقی چیرۆکەکەی دینەوەری ئاوایە[23]:

"دەڵێن زۆحاک کە عەجم بە "بیورئەسپ" ناوی لێ دەبا. لە پاش تێکشکاندن و کوشـــتنی جەمشـــید شـــا فەرمانڕەوایی خۆی دامزراند و دەســـتی دایە کۆکردنەوەی دێوان و جادوگەران و هەروەها خۆیشـــی فیری جادوگەری کرد. زۆحاک شاری بابلی لە ڕووبەرێکی چوار فرسەق لە چوار فرسەقدا دروست کرد و پڕی کرد لە سپایەکی ستەمکار بەڵام وەک سپایەکی "باش" ناوی لێ دەبرد. ئەو ڕۆڵەکانی "ئەرفخشـــز"ی هەر بە زیندویی لە گۆڕ نا. پاشان وای لێ هات کە لەسەر شانەکانییەوە دوو مار دەرکەوتن کە بەردوام ئازاریان دەدا. بۆیە ناچاربوو بۆ دامرکاندنی ئێش و ئازارەکانی سەرشانی، لە مێشـــکی ســـەری مروڤەکان بە دەرخواردی مارەکان بدات. زۆحاک لە پێشـــدا وەزیرێکی لە نەتەوەی خۆی هەبوو، بەڵام لە پاشـــان یەکێ لە ڕۆڵەکانی ئەرفخشز کە ناوی ئەرمابیل بوو کرد بە وەزیر. لەم سەردەمەدا کاتێ جوانەکانیان بۆ کوشـــتن دەهێنا، بە هاوکاری ئەرمابیل دوو پەزیان لە باتی ئەوان سەر دەبڕی و ئەو دووکەسەیان دەرباز دەکردن بە جۆرێک کە ئیتر شـــوێنبزر دەبوون و کەس نەیدەتوانی بیانبینێتەوە. ئەوانیش دەچوون و لە چیاکاندا خۆیان حەشار دەدا و قەت نزیکی شار و گوندەکان نەدەبوونەوە. ئێستا دەڵێن کە کوردان لە نەژادی ئەمانن.

**ئەگەر بە وردی سەرنجی چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر و زۆحاک و شەڕی فەریدون لە هەڵبەســـتەکانی فێردەوســـیدا بدەین، یەک ڕاســـتیمان بۆ دەردەکەوێ. ئەویش ئەوەیە کە لەم چیرۆکەدا دوو ڕووداوی مێژوویی**

---

[23] ابوحنيفه دينورى، الاخبار الطوال، تحقيق عبدالمنعم عامر مراجعه جمال الدين شيال (قم: منشورات ارضى، 1368ش) ص 4-5.

http://eslahe.com/3387/

**له یەک پێواژۆی دیاریکراودا تێکەڵ بەیەک کراوون. یەکەم: ڕاپەڕینی کاوەی ئاسـنگەرە دژ بە "ئاز-ی د هاک" کە ڕووداو یان ڕاپەڕینێکی ناوخۆییە. دووەم: شـەڕی فەریدونە لەگەڵ "زۆحاک" کە شـەڕێکی دەرەکییە بۆ ڕزگاری لە دەسـتی داگیرکەری و سـتەمکاری دوژمنێکی دەرەکی. ئێستا با بزانین تایبەتمەندییەکانی ئەم دوو ڕووداوە چین؟**

## ڕووداوی یەکەم:

- **شۆڕشێکی ناوخۆیی:** کاوەی ئاسنگەر لە دژی "ئازی دهاک" ڕادەپەڕێ، بەروانکە (بەرهەڵبێنە) چەرمەکەی خۆی بە سەر دارێکەوە دەکا و دەیکاتە ئاڵا و لە ناو شـاردا دەیگێڕێ و بانگەوازی خەڵک دەکا بۆ شـۆڕش و ڕاپەڕین. خەڵـک بە هـاواری کـاوەوە دەچن و لەگەڵی دەکەون و بەرەو کۆشـکی ئازی دهاک ڕێ دەکەون و پادشـایەتییەکەی دەڕووخێنن و ئازی دهاکیش قۆڵبەسـت دەکەن. بەم جۆرە خەڵک ڕزگار دەبن لە سـتەم و زۆرداری. واتـا ئەمە شـۆڕشـێکی نـاوخۆییە دژ بە فەرمـانڕەوایەکی ستەمکار.
- **کوردەکـان هێزی سـەرەکی بوون:** ئەو جوانـانە کە ڕایـان دەکرد و دەچوونە چیا "کورد" بوون. چوونکە بە قسـەی دینەوەری و فێردەوسـی کوردەکـان لە نەوەی ئەوانن، دیـارە نە تەنیـا ئەوان بۆخۆیـان بەڵکوو بنەماڵەکانیشیان هەر کورد بوون. کە وابوو کاوەی ئاسنگەر و کوڕەکانیشی هەر کورد بوون.

- **شـوێنی شـۆڕشـەکە کوردسـتانە:** بەپێی وتەکانی فێردەوسـی خەڵکی ڕاپەڕیو ڕۆیشـتن بۆ چیا و فەریدونیان هێنایەوە بۆ "ڕەی" و کردیان بە پادشـای خۆیان. وشـەی "ڕەی" لە ئەوێسـتادا وەک "ڕاغە" هاتووە، هەر وەک لە کتێبی ناسـنامەی زمانی کوردی بەرگی دووەم ڕوونکراوەتەوە (بڕوانە نـاسـنـامەی زمـانی کوردی بەرگی دووەم ل.پ. ٤٢، ٦٢) ئەم "ڕاغە"یە، شـاری ڕەی لای تاران نییە کە هەندێک لە ڕوشـنبیران وای بۆ دەچن بەڵکوو ئەمە شـارێکی مادییە کە بە "ماد- ڕاغە" بەناوبانگ بوو، لە سـەردەمی ئەشـکانییەکاندا وەک "ما- ڕاغە" گۆ دەکرا، کە ئێسـتا بە

"مەراغە" دەناســـرێت کە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی شـــاری مەهابادەوە.
مەبەست ئەوەیە هەموو ڕووداوەکە هەر لە کوردستاندا ڕووی داوە.

- **ئاز- ی دهاک:** ئەو پادشایە کە کاوە و خەڵکی ناوچەکە لە دژی ڕادەپەڕن "زۆحاک" نییە، بەڵکوو "ئاز-ی دهاک"ە.

**"د. مێهردادی بەهار دەڵێ کە ناوی "ئازی دهاک" لە پارســـی میانە (پەهلەوی- ســاســانی)دا وەک "ئاز" و لە ئەوێستاییدا وەک " ئازای" هاتووە"[24].**

**ناوی "ئاز-ی دهاک"، ناوێکی سـەردەمی "مانناییـ مادی"یە. وشـەی "ئازی دهاک" لە سێ برگە پێک هاتووە بەم جۆرە "ئاز- ی- دهاک". برگەی یەکەم "ئاز"کە یەکێک لە پادشـاکانی زنجیرە پاشـایەتی مانناییبوو، کوڕی ئیرانزو کە پـایتەختەکەیـان کەوتبووە ئیزرتوو لە نزیکی شاری سەقزی ئێستا.** [25]
برگەی دووەم پیتی "ی" نیشانەی پەیوەستە ("ی" نسبی).
**برگەی ســـێیەم دهاک/ دیاک/ دهیوکۆ/دیاکۆ واتای ســـەرۆکی وڵات دەدا**[26]. پورداود لە کتێبی " یادداشـــتهای گاتها" دەنووســـێ: "وشـــەی "دەهیو" واتـای وڵات و کێشـــوەر دەدات. لە نووســـراوەبەردینەکـانی پادشـایانی هەخامەنشـیدا زۆر جاران وشـەی "دەهیو" دەبینین. داریوشـی هەخـامەنشـــی پـاش ئەوەی کە نـاوی وڵاتەکـانی بن فەرمـانی خۆی دەژمێرێت دەڵێ هەمووی پێکەوە بیسـت و سـێ "دەهیو"یە واتا بیسـت و سێ وڵات"[27].

هەر لەم بارەوە مێژوونوس پروفێسـۆر د.جەماڵ ڕەشـید دەنووسـێ:[28] **"لە سـەردەمی مادەکاندا وشـەی "دهیو" بە واتای وڵات هاتووە، لە بنەڕەتدا "دەیوکـا، دەهیوکـا، دەیوک،دەهیوک"ە، واتـای ســـەرۆک وڵات دەدا".**

---

[24] مهرداد بهار، پژوهشی در اساطیر ایران، چاپ پنجم پائیز ۱۳۸۷، نشر آگاه
[25] مێژووی ماد، دیاکۆنۆف وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ۱۳٤٥ ل.پ.۲٦۱
[26] لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەر بارەی مێژووی کۆنی وەڵاتی کوردەواری ، د.ج. ڕەشید ۱۹۸۸ ل.پ ۳۲٤
[27] (یادداشتهای گات ها، ابراهیم پورداود، تهران ۱۳۸۱، ص. ۱۳۰)
[28] لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەر بارەی مێژووی کۆنی وەڵاتی کوردەواری ، د.ج. ڕەشید ۱۹۸۸ ل.پ ۳۲٤

**فەرمانڕەوای ناوچەی میسی لە ماد لە کۆتایی سەدەی هەشتی پێش زایینددا بە دهیوکۆ دەناسرا".**

پاشگری " ۆ" لە پاش ناوەکان پاشگرێکی باوی کوردییە کە لە شێوازی کرمانجیدا ئێستاش هەر باوە. وشەی دەهیوکا ناو نییە بەڵکوو نازناوە، لە ڕاستیدا خۆدی ناوی "دیاکۆ" پادشای مادیش ناو نییە بەڵکوو نازناوە هەر واتای سەرۆک وڵات دەدات. **وشەکانی "دیاک / دیاکۆ/ دەهیوك/ دهاک" هەر یەک شتن و واتای سەرۆک وڵات دەدەن.**

**کە وا بوو وشەی "ئاز- ی دهاک" بە واتای " ئاز-ی سەرۆک وڵات" دێت نەک بە واتای ئەژدیها. خۆدی ناوی "ئاز"یش وشەیەکی کوردییە.** (بڕوانە بۆ ناسنامە زمانی کوردی بەرگی یەکەم ل.پ.٨٧-٨٨).

**"ئاز- ی دهاک"** کێ بوو؟

ئەم ئاز-ی دهاک"ە (ئاز- ی سەرۆک وڵات) هەمان "ئاز"ی کوڕی "ئێرانزو" پادشای مانناییە. ئێرانزو یەکێ لە پادشا گەورەکانیماننا بوو کە پایتەختەکەیان لە ئێزرتوو بوو لە نزیکی شاری سەقزی ئێستا. ئەم ناوە وشەیەکی کوردییە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، یەکەم ئێران کە مەبەست وڵاتی "ئاری"یەکانە و بڕگەی دووەم **"زو"** کە خۆدایەکی کۆنی کوردان بووە کە لە ئەدەبی کوردی و فارسی وەک خودای "ڕووناکی" دەناسرێت. لە کتێبی ئەوێستا و هەروەها شاهنامەی فێردوسیشدا ناوی "زو" وەک کوڕی تهماسب یەکێ لە پادشایانی پێشدادی هاتووە کە ماوەی پێنج ساڵ فەرمانڕەوایی کردوە. فێردوسی لەسەر زو ئاوا دەڵێ:

**ندیدند جز پور تهماسب زو**

**کە زور کیان داشت و فرهنگ گو.**

هەروەها حافێزی شیرازیش لە یەکێ لە هەڵبەستەکانی خۆیدا باسی "زو"دەکا [29]:

[29] http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-f99c3aff570c422baff65e2182ac9d7d-fa.html (2013-06-09)

**شکل هر سر مه میدهد نشان**

**از افسر سیامک و ترک کلاه زو**

هەروەها لە یەکێ لە سروودەکانی ئایینی یارسانی ( ئایینی یارسانی لە ڕاستیدا هەمان دینی زەردشتییە کە کەوتووەتە بەر کاریگەری ئایینی ئیسلامەوە) باسی "زو" دەکا وەک خوداوەندی ڕۆشنایی، ئەم سرودەی خوارەوە هین داوود کۆسوارە کە یەکێکە لە پیرانی یارسانی:

**نە هیهات هو نە هیهات هو**

**سەف سەف مەنهو نە هیهات هو**

**چلتەن گرد ئامان بی وە قاو وقو**

**دونیا ڕوشن بی وە فەرمان زو**

**تاری مەرگ و شەڕ گریزان چون دو**

**یانەی تاریکیش کەرد ژێرورو**

**چەنی چلتەنش نمانا ئەرجو**

کە وا بوو "ئێران- زو" واتای **"خۆدای ڕووناکی ئێران"** دەدات. ئەمە بۆ یەکەمین جارە کە وشەی **ئێران** لە مێژوودا دەردەکەوێ.

هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا **"ئاز"** ناوی یەکێ لە کوڕەکانی ئێرانزو بوو کە لە پاش باوکی جێگای گرتەوە. **"ئاز"یش خۆدایەکی کۆنی کوردانە کە خاوەن هێزێکی لەبن نەهاتوو بووە، وەک خۆدای تاریکیش دەناسرا. لە نێو سروودە ئایینیەکانی یارسانیشدا (سرودی ڕمزبار)[30] ناوی "ئاز" وەک "خۆدای تاریکی" هاتووە:**

پەی دەرون شاد پەی دەرون شاد

شام ڕۆشنیش وست پەی درون شاد

---

[30] یارسان لە نووسینی ئەیوب ڕوستەم ساڵی ٢٠٠٦ زایینی، ل.پ ١٤٦

ئەو کۆی چل نورش هەرکە کەرد ئیجاد

چل مەشعەلش دا وە ئۆسای ئیرشاد

نە لەوح حەجەر شا کەرش بنیاد

**ئاز** و تاریکی گوریزان چون باد

واتاکەی: بۆ دەرونی شاد، شام ڕووناکی خستە دەرووونمانەوە و شادبووینەوە، ئەو کاتەی "چلتەن"ی ئافراند و چل مەشخەڵی ڕێنماییکردنی دایە دەستیان، (کە پەیامە ڕووناکیبەخشەکانیان) وەک نووسراوەیەکە کە لەسەر بەرد گەڵاڵە کرابێ. لە بەر ئەم ڕوشناییەدا **"ئاز"** و تاریکی وەک با هەڵهاتن.

**"ئاز"ی دهاک (ئازی سەرۆک وڵات) فەرمانڕەوایماننا، لە ڕاپەڕینێکی ناوخۆییدا بە ڕابەرایەتی "بەگداتوو" فەرمانڕەوای هویش دێش کە ناوەندەکەی لە "ماد- ڕاغە /(مەراغە)" بوو، کوژرا (بڕوانە بۆ مێژوی ماد، دیاکۆنۆف وەرگێرانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ. ٢٦١). لە مێژووی کۆنی ئێرانیدا (کورد- پارس) هیچ ڕاپەڕین وشۆڕشێک دژ بە فەرمانڕەوایانی خۆیی ڕووی نەداوە بێجگە لە سەردەمی مانناییەکاندا نەبێ ئەویش یەکەم جار لە سەردەمی "ئاز" و دواتریش لە سەردەمی " ئاخسەری"دا بوو کە لەو ڕاپەڕینشدا خەڵکی تورە لە دژی ئاخسەری و هەموو ئەو سەرکردانەی ماننا کە لەگەڵیدا بوون ڕاپەڕین و بە تاوانی بەرگری نەکردن لە خەڵک و هەڵاتن لە بەرانبەر دوژمن هەموویان کوشتن و بەسزای مرگیان گەیاندن.**

## ڕووداوی دووەم:

- ڕووداوی دووەم ڕاپەڕین و شەڕی فەریدونە لە دژی "زۆحاک". ئەمە شەڕێکی دەرەکییە، شۆرشێکی ڕزگاریخوازانەیە لە دژی داگیرکەری و ستەمکاری زۆحاک. لێرەدا لە هەڵبەستەکانی فێردەوسیدا بە جوانی دەردەکەوەێ کە ئەم فەریدونە کەس نییە بێجگە لە کەیخەسرەو نەبێ، و زۆحاکیش تەنیا سیمبۆلێکە بۆ پادشاکانی ستەمکاری ئاشووری. هەموو ئەم

چیرۆکەش باســـی ڕاپەڕین و خەباتی کوردەکان دەکا لە دژی ئیمپراتوری ئاشوور. بەڵگەکان بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە بریتین لە:

- بەلعەمی لە کتێبەکەی خۆیدا (تـاریخ بلعمی) لە ســـەر زۆحـاک ئـاوای نووسـیوە: "واین ضـحاك را اژدها به وی از آن گفتندی که بر کتف او دو پاره گوشـت بود بزرگ بر رسـته دراز وسر آن ها به کردار ماری بود و آن را به زیر جامه اندر داشـتی و هرگاه که جامه از کتف برداشـتی خلق را به جادویی چنان نمودی که این دو اژدهاسـت و از این قبل مردمان از او بترسـیدی و عرب او را ضـحاك (خنده رو) گفتند و مغان گویند که او بیور اسـب (صـاحب ده هزار اسـب) بود و اندر این اختلاف اسـت و این ملکی بود سـتمکار و همه ملوك جهان را بکشـت و خلق را به بت پرسـتی خواند و بدین سـبب خلق را همی کشـت و به ایام هیچ ملك، چندان خون ریخته نشد که به ایام پادشـاهی او، و تازیانه زدن و بر دار کردن او آورد و هزار سال پادشاهی راند و خلق جهان از او ستوه شدند (تاریخ بلعمی ج ١ ص ١٤٣)"[31].

دەقی وەرگێڕانەکەی بە کوردی وەهایە:

"لەبەر ئەوە بە زۆحـاکیـان ئەوت ئەژدیهـا چونکە دوو گرێ، دوو پەلی گۆشت وەک مار لەسەر شانەکانییەوە دەرهاتبوون. زۆحاک ئەمانەی لە ژێر کراســـەکەی بەریدا دەشـــاردەوە، بەڵام هێندێ جار بۆ تۆقاندنی خەڵک کراسەکەی لەسەر شانی لادەدا وخەڵکی جادو دەکرد و وای نیشان دەدا کە ئەوانەی سەر شانی ئەژدیهان و خەڵکی پێ دەترسان. عەرەبەکان پێ دەڵێن "زۆحاک" بە واتای"خۆشـڕوو"، بەڵام **"مۆغان"** پێ دەڵێن **"بیورئەسـپ"** بە واتای "خاوەن دە هەزار ئەسپ" لە سەر ئەمە جیاوازیی بۆچوون هەیە. زۆحاک شایەکی ستەمکار بوو و **"هەموو شاکانی تری جیهانی کوشت"** و بێ باوەڕی بڵاو دەکردەوە. کوشـــتن و خوێنڕێشـــتن، ئەشـــکەنجە و لە ســـێدارەدان لەســـەردەمی ئەودا ئەوەندە زۆر بوو کە لەســـەردەمی هیچ پادشـایەکی تردا نەبینراوە. **"هەزار سـاڵ"** بەمجۆرە فەرمانڕەوایی کرد و خەڵکی جێهان بەگشتی لێ بێزار ببوون".

---

[31] آئین پارسی شماره ٨٤ ماجرای کاوه و ضحاک در شاهنامەی فردوسی ص ٥٢، دکتر سید جعفر حمیدی.

## تێبینییەکان:

ئەگەر لە هێنـدێـک لەم قســـــانە کە لەگەڵ بیر و مەنتێقدا یەک نـاگرێتەوە چاوپۆشی بکرێت، بەشێکی زۆر لە بابەتەکە لەگەڵ ڕآستییەکانی مێژوویی سەردەمی ماددا یەک دەگرێتەوە، لەوانە:

- **"مۆغان"** بە زۆحاکیان وتووە **"بیورئەســـپ"** بە واتای "خاوەن دە هەزار ئەسپ، ئەمە ئاماژەیەکە بەوەی کە "زۆحاک" هاوکات بووە لەگەڵ مۆغان، و ئەمە مۆغان بوون کە نازناوی "بیورئەســــپ"یان بۆ زۆحاک داناوە. و ئەمە ڕوونە کە مۆغەکان یەکێ لە هۆزە ســـەرەکییەکانی فەرمانڕەوایی ماد بوون کە بێجگە لەوەی کە ڕابەرایەتـی ئـاییـنیـان دەکرد، لە بـاری ســـەربـازیشـــەوە زۆر چـالاک بوون، و شـــێلگیرانە دوژمنـــایەتی ئاشوورییەکانیان دەکرد. وشەی "بیورئەسپ"یش جێگای سەرنجە، چونکە وا دیارە ژمارەی سپایەکی پوختە و پەرداخت لە سەردەمی کۆندا "دەهەزار کەس" بووبێـت. بۆ نموونە دەڵێن ژمـارەی ســـپـای یونـانی کە لەگەڵ گەزەنفونـدا هـاتبوون بۆ ئێران دەهەزار کەس بوون، هەروەهـا ژمـارەی سپای جاویدان لە سـەردەمی داریوشـی هەخامەنشیدا دەهەزار کەس بوون، سپای سورێنی ئەشکانی کە لە کوردستاندا جێگیربوون هەر دەهەزار کەس بوون. کە وابوو لەوانەیە سپاکەی ئاشووریش هەر دەهەزار کەس بووبێت کە بە دەهەزار سوارە یان دەهەزار ئەسپ (بیورئەسپ) ناوی دەرکردووە.

- **زۆحاک هەموو شـاکانی جیهانی کوشت:** ئەمە لە سـەردەمی دەسـەڵاتداری ئاشوورییەکان و بە دەستی ئەوان بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە "شاکنو"ەکان واتا شـــاکانی بچووک (ســـەرۆک ناوچەکان) نەک تەنیا لە ناوچەکانی ماد (کوردســـتان) بەڵکوو لە ئیلام، لە ئورارتوو، لە بابل و تەنانەت لە خۆدی ئاشووریش کوژران.

- **زۆحاک هەزارساڵ فەرمانڕەوایی کرد:** هەر وەک پێشتریش باسی لێ کرا لێرەدا مەبەسـت لە زۆحاک کەسـێک یان پادشـایەک نییە، بەڵکوو ئەم ناوە سیمبۆل یان هێمایەک بووە بۆ هەموو پادشـایانی ستەمکاری ئاشووری، و ئەمەش شتێکی ڕاستە کە زنجیرە پادشایانی ئاشووری زیاتر لە ٨٠٠ ساڵ فەرمانڕەواییان کردووە.

جـا لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی زیـاتر چـاوێـک دەخشـــێنـدرێـت بۆ هێنـدێـک لە هەڵبەستەکانی فێردەوسی لە پەیوەندی لەگەڵ شەڕی فەریدون و زۆحاکدا.

فریدون به خورشید بر برد سر

کمر تنگ بستش به کین پدر

وەرگێڕانەکەی:

فەریدون سەری دانەواند بەرامبەر بە خۆر (سوجدەی کرد)، و پشتوێنەکەی لە خۆی قایم کرد بۆ کردنەوەی تۆڵە (کوژرانی) بابی.

ئەمە لێرە ئاماژەیەکی ڕوونە بە کەیخەسرەو، بەپێی نووسراوەکانی مێژوونووسـانی کۆنی یونانی لەوانە هرودت کەیخەسـرەو هێرشـــی کردە ســەر ئاشــوور و تۆڵەی باوکی خۆی کردەوە.

سپاه انجمن شد به درگاه او

ابر اندر آمد سرگاه او

به پیلان گردون کش و گاومیش

سپه را همی توشه بردند پیش

سپاکەی داهاتن و لە بارەگای (فەریدون) کۆبوونەوە. بە یارمەتی فیلی گەردونکەش و گامیش تۆشــە (کەلوپەل)یان بۆ سـپاکە دەبردە پێش. لە ڕاسـتیدا لەو سـەردەمەدا هێشـتا فیل لە شــەڕەکاندا بەکار نەدەبرا، بەڵام مەبەسـتی فێردەوسـی ئەوەیە کە بڵێ شەڕێکی گەورە و گران بووە لە نێوان دوو سپای گەورە و بەهێزدا.

کیانوش و پرمایه بر دست شاه

چو کهتر برادر ورا نیک خواه

همی رفت منزل به منزل چو باد

سری پر ز کینه دلی پر ز داد

کیانوش و پڕمایە وەک دوو برای بچووک و خەیرخواز لەبەردەستی "پادشا"دا بوون. دەڕۆیشتن هەر وەک با لەم شوێنەوە بۆ ئەو شوێن بە سەرێکی پڕ لە کینەوە و بە دڵێکی پڕ لە دادپەروەرییەوە.

لەم هەڵبەستەدا دیار دەکەوێ کە فەریدون "شا"یە، پادشایەکی جەنگاوەر و لە هەمان کاتیشدا "دادپەروەرە"، ئەم پێناسەیەش لەگەڵ ئەو وێنەیە کە دیاکۆنۆڤ بۆ کەسایەتی کەیخەسرەو لە کتێبەکەیدا باسی دەکا بە تەواوی یەک دەگرێتەوە. بە قسەی دیاکۆنۆڤ لە کتێبی مێژووی ماددا هەموو پادشاکانی کۆنی ئێرانی ئاواتەخوازبوون کە دەسەڵات و ناوبانگیان وەک کەیخەسرەو بووایای، هەر بۆیەش زۆربەیان ڕەسەنایەتی خۆیانیان دەبردەوە سەر کەیخەسرەو. ئەمە لە کاتێکدایە کە کاوە کابرایەکی ئاسنگەری هەژار بوو.

به اروند رود اندر آورد روى

چنان چون بود مرد ديهيم جوى

اگر پهلوانى ندانى زبان

بتازى تو اروند را دجله خوان

(فەریدون) ڕووی لە ڕووباری ئەروەند (ئەڵوەند) کرد، ئاوا دەبێ بۆ کەسێک کە خوازیاری تاج و تەختە. ئەگەر زمانی پەهلەوانی (پەهلەوی) نازانی، بە عەرەبی بە ئەروەند (ئەڵوەند) دەڵێن دێجلە.

بەپێی ئەم هەڵبەستە فەریدون لە ڕووباری ئەروەندوە (ڕووباری ئەڵوەند لای خانەقین) بۆ شەڕ لەگەڵ زۆحاک پەڕیوتەوە، ئەمە یەک دەگرێتەوە لەگەڵ شەڕی کەیخەسرەو و مادەکان لەگەڵ ئاشووردا، چونکە دیاکۆنۆڤ دەڵێ کە سپاکەی کەیخەسرەو لە ئەڵوەند تێ دەپەڕن و لە شوێنیک لە خوارەوەی کەرکووک جێگیر دەبن.

**لێرەشـــدا ڕوون دەبێتەوە بە پێچەوانەی ڕاپەڕینەکەی کاوەی ئاســـنگەر کە لە کۆشـــکی "ئـاز-ی دهـاک"دا قەومـا بوو، ئەم ڕووداوە لە شـــوێنێکدا بووە لە ئەوبەری ڕووباری دێجلەوە، و سـپاکەی فەریدون ناچار بوون کە لە ئاوی دێجلە (ئەروەند/ ئەڵوەند) بەپەڕێنەوە.**

ئەم چەند دێڕە لە هەڵبەســـتەکانی فێردەوســـی زۆر بە ڕوونی گشـــت ئەو بۆچوونە نادروست و نازانستیانە بەرپەرچ دەداتەوە کە نەورۆز پەیوەست دەکەن بە شـەڕی نێوان کورەش و ئاسـتیاگ، چونکە شـــەڕەکانی نێوان کورەش و ئاســـتیاگ قەت لە نزیکی ڕووباری ئەڵوەند (دجلە) نەقەوماوە. بەڵکوو سێ شـەڕیان کرد کە هەمووی هەر لە پارس بوون و پاش شکستی ئاستیاگ کورەش هات بۆ هەمەدان و ئاستیاگی دەستگیر کرد،[ ئاستیاگ نەکوژرا بەڵکوو لە شوێنێک دەستبەسەر بووە].

ئێستا ئەم پرسیارە دەێتە ئاراوە کە ئەگەر فەریدون و کەیخەسرەو هەر یەکێکن، ئەی چۆنە کە بە دوو نـاوی جیـاواز نـاوی هـاتووە. وەڵامەکەی دەتوانێ ئەمە بێ کە "کەیخەسرەو" ناوی ڕاستەقینە خۆی نییە، بەڵکوو نازناوە کە واتای "شـای گەورە" دەدا، هەر وەک چۆن ناوی "هو- خشترا"ش، ناو نییە بەڵکو نازناوە کە واتای "شای باش" دەدات. ناوی "کەی- خەسرەو" لە دوو بڕگە پێک هاتووە بەم شێوەیە وشەی "کەی / کـاکی/ کـا/ کـاک /کـاکو" لە کوردیـدا واتـای گەورە دەدات، بڕگە دووەم "خەســرەو" کە لە بنەڕەتدا وەک "خشــترا" بووە بە واتای "شــا" کە هەمان وشـــەی "شـــەترا"ی میتانی بووە کە دواجار گۆڕان بەســـەریدا هاتووە و بووە بە خەشـــترا/ خەسـترا/ خەسـرو. کە وابوو دەکرێ ناوە ڕاسـتەقینەی خۆی هەر فەریدون بووبێت کوڕی فەرائورت کوڕی دیاکۆ. ناوی "فەرائورت"یش هەر نازناوە، وشـــەیەکی کوردی هەورامییە کە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، "فەڕآ" کە واتای فەڕ و شـــکۆ دەدات و "ئورت/ یورت" کە واتـای ڕەوان / ڕۆح دەدات، پێکەوە واتـای ڕەوانی شـــکۆدار دەگەیینی. (بڕوانە بۆ کتێبی نـاســـنـامەی زمـانی کوردی بەرگی دووەم لاپەڕەی ١١٩).

## ڕوونکردنەوەی چەند خاڵێکی گرینگ:

جا لێرەدا بەر لەوەی پێواژوی ڕاســـتەقینەی ڕووداوەکانی ســـەرهەڵدان لە دژی "ئازی دهاک" و جیژنی نەورۆز باس لێ بکرێت. پێویســـتە چەند بابەتێک ڕۆشـــن بکرێتەوە.

١- دەســـتپێکی مێژووی فارس زۆر ڕۆشـــن و ئاشـــکرایە کە لە ســـەردەمی هەخامەنشییەکانەوە دەستی پێ کردووە. کە وابوو زنجیرە پادشایەکانی کەیانی و ئەوەی کە فارس بە "پیشـدادی" ناوی لێ دەبا پەیوەندییەکی وای بە مێژووی کۆنی فارســـەوە نییە، بەڵکوو هەموو ڕووداوەکانی ئەو ســـەردەمە هەر لە کوردســـتاندا قەوماون. بەپێی بۆچوونی بەشـــێکی زۆر لە مێژوونووســـان و لێکۆلینەران زنجیرە پادشـایەتی "کەیانی (کیانی= فارسـی)" هەمان پادشـایانی مادن چ ئەوانەی کە پێش دەسـەڵاتی دیاکۆ پادشـاییان کردووە و چ ئەوانەی کە پاش دیاکۆ هاتوون.

**٢- ئەوەی کە فارس بە ناوی "زنجیرە پادشایانی ئەفسانەیی پێشدادی" ناوی لێ دەبن، چەمکێکی هەڵەیە، کە یان لەبەر تێگەیشـــتنێکی هەڵەیە و یان بە ئەنقەست برەویان پێ داوە و وەک ڕاستییەک جێیان خستەوە. چونکە هیچ زنجیرە پادشـایەک بە ناوی پێشدادی هەبوونی نییە. بەڵام بۆچی ئەم چەمکە هەڵەیە؟ هۆکارەکەی لێرەدا ڕوون دەکرێتەوە.**

**ئـائینی زەردەشـــتی بەر لە بەدەســـەڵات گەیشـــتنی بنەماڵەی دیـاکۆ، لە کوردســـتاندا بە هۆی زەردەشـــت و مۆغەکانەوە برەوی ســـتاندبوو. لە ئەوێستـادا زۆر بەڕوونی باس لە فەرمانڕەوایی وێشتـاسپ دەکات، هەر لەو کاتەدا وێشـتـاســپیش دەچێتە ســەر ئائینی زەردەشــتی. زەردەشــت زۆر بە ئەرێنی و ستایشتەوە لە ئەوێستادا باسی دەستەڵاتداری وێشتاسپ دەکات. بە وتەی دیاکۆنۆڤ لە ئەوێســـتادا هاتووە کە زەردەشـــت بۆ خۆیشـــی میر و فەرمـانڕەوای نـاوچەی "مـاد- ڕاغە (مەراغە)" بووە. ئەمرۆ زانیـارییە مێژووییەکان ئەمەی ڕوون کردوتەوە کە لە ســەردەمی پێش لە ســەرکەوتنی مـادەکـان و ئـائینی زەردەشـــتی، خەڵکی نـاوچەکـانی مـاد (کوردســـتـان و ئـازەربایجان)ی ئێستا لە بارێکی زۆر سەخت و دژواردا دەژیان.**

**بۆیە بە برەوسەندنی ئائینی زەردەشتی و سەرکەوتنی شۆڕشی مادەکان "داد و دادپەروەری" لە هەموو ئێرانی کۆندا بڵاوبووەوە و پەرەی ســـتاند. ئەم سـەردەمە لە لایەن خەڵک و هەروەها مۆغانی زەردەشتییەوە بە سـەردەمی داد و دادپەروەری ناوبانگی دەرکردبوو و ســـەردەمی بەر لە پەرەســـەندن و برەوی ئائین و یاســـاکانی زەردەشـــتی واتا لە ســـەردەمی ئاشـــوورییەکان و ماننایییەکان کە ســـتەمکاری و بێدادی لە ناوچەکەدا زاڵ بوو بە ســـەردەمی "ئەپەر- داتا" واتا سەردەمی "بەر لە داد/ پێش داد"ی ناویان لێ بردووە.**

**واتـا موغەکـان لە بـاری مێژووییەوە ســـەردەمەکەیـان دابەش کردوە بە سـەردەمی "داد" (سـەردەمی برەوی ئائینی زەردەشتی) و سـەردەمێ "پێش داد"ی (سـەردەمی پێش ئائینی زەردەشتی). لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە هیچ زنجیرە پادشـاییەک بە ناوی پێشـدادی هەبوونی نییە، هەموو ئەو پادشـا و دەســـەڵاتـدارانە چ ئێرانی و چ نـائێرانی کە پێش لە ســـەردەمی "داد / دادپەروەری" واتا پێش لە ئائینی زەردەشــــتی هاتوون و فەرمانڕەوییان کردووە بە پادشایانی "ئەپەڕ- داتا / پێش دادی(پێش لە داد)" دەژمێردرێن". بە واتایەکی تر هەموو پادشایانی ماد بەر لە جێگیر بوونی ئائینی زەردەشتی و هەموو پـادشـــــایـانی مـاننـایی و میتـانی بە "ئەپەڕ داتـا / پێش داد"ی دەژمێردرێن.[32]**

**٣- هەر وەک پێشـتر ڕوون کرایەوە، دهاک بە واتای سـەرۆک وڵات دێت و دەســـتەواژەی "ئاز-ی دهاک" واتای ئازی ســـەرۆک وڵات دەدات، کە هەر وەک ڕوونە "ئـاز"[33] کوڕی ئێرانزو یەکێ لە پـادشــــاکـانی ســــەردەمی مانناییەکان بوو.**

# ڕەوتی سەرهەڵدانی نەورۆز

لە نێوان ســـاڵەکانی ١٥٣٠-١٢٧٠ پ.ز. واتا ماوەی زیاتر لە ٢٥٠ ســـاڵ، لەو شـوێنەی کە ئەمرۆ چوارپارچەی کوردسـتانی پێ دەڵێن پادشـایەتی گەورە و گرانی میتانی لە کوردستاندا فەرمانڕەوایی دەکرد. پایتەختی ئەم پادشـاییە لە شـوێنێک بوو بە ناوی واشــوکانی لە ناوەڕاســتی کوردســتان کە ئەمرۆ مەزندە دەکرێ هەمان ناوچەی ســـەرێکانی بێ کە کەوتووەتە نیوان ســنووری تورکیا و ســـورییەوە. پادشایەتی میتانی یەکێ بوو لە سێ ئیمپراتورییە گەورەکانی ئەو سەردەمە کە بریتی بوون لە مێسر، هیتی و میتانی.

هوری/ خورییەکان چەند هۆزێک بوون لە باکووری کوردســـتان. ئەم هۆزانە بە چەند زمانی جۆراوجۆر قســـەیان دەکرد، کە هەر وەک لە بەشـــی دووەمی کتێبی ناســـنامەی زمانی کوردیدا باســـی لێ کراوە، میتانییەکان یەکێ بوون لە هۆزە

---

[32] کتێبی ناسنامەی زمانی کوردی بەرگی یەکەم، فازڵ ئوسولیان، ٢٠١٥

[33] مێژوی ماد، دیاکۆنۆف وەرگێرانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ.٢٦١

جەنگاوەرەکانی هوری/(خوری) کە بە زمانێکی هیندو ئێرانی قسەیان دەکرد کە زۆر نزێک بووە لە زمانی سانسکریتی. هەموو هۆزە جۆربەجۆرەکانی "خوری" لەبن چەتری یەک ئاییینی هاوبەش خڕ ببوونەوە، ئەویش باوەڕبوونیان بە خور (خۆدای هەتاو) بوو، هەروەها بەشێکی تر لە خۆداکانیشیان هەمان خۆداوەندانی کۆنی هیندوئێرانی بوون لەوانە ئیندیرا، ڤارنا (ئاهورا)، ناساتیا (ناهیتا) و مێترا.

لە پاش ساڵەکانی ١٣٠٠ پ.ز. پادشایەتی میتانی لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی ڕووی لە کزی نا، یەکەم لەبەر ناکۆکی ناوخویی و شەڕی دەسەڵات لە نیوان شازادەکانی میتانیدا و دووەم گوشاری پادشایەتی هیتی لە لای باکووری وڵاتەوە. ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە دەرفەت بڕەخسێ بۆ بەهێزبوونی یەکێ لە میرنشینە نێوە سەربەخۆکان واتا شانشینی ئاشووری لە نەینەوا، تا وای لێ هات کە لە کۆتاییەکانی ١٢٧٠دا بە یەگجاری کۆتاییان بە دەستەڵاتی میتانی هێنا و پاشایەتی سەربەخۆی ئاشووریان لە ناوچەکانی لای هەولێر و نەینەوا و کەرکووک هەتا سەرێکانی دامەزراند.

لە پاش ڕووخانی میتانییەکان، ڕەوشی وڵاتی کۆنی کوردەواری زۆر شپرزە بوو. بۆشایی دەسەڵاتداری لە چەندین ناوچەدا هاتن ئاراوە، کە لە ئەنجامدا چەندین شانشینی گەورە و بچووکی تر لە ناوچەکەدا سەریان هەڵدا، لەوانە بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا هەتا کەرکووک کەوتنە ژێر ڕکیفی ئاشوورەوە، لە ناوچەکانی باکووری کوردستان پاشماوەی هۆزەکانی "هوری/ خوری" فەرمانڕەوایی ئەورارتوویان پێک هێنا کە پایتەختەکەیان شاری "توشپا / توشپە" بوو لە قەراخی شاری "وان"ی ئێستا. لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری گۆلی ورمێی (ورمێی، سەقز و بانە و مەهاباد و...) فەرمانڕەوایی ماننایی دەسەڵاتیان گرتە دەست کە پایتەختەکەیان لە شوێنێک بوو بە ناوی ئێزرتوو لە نزێکی شاری سەقز. هەر وەها ژمارەیەکی زۆر میرنشینی سەربەخۆ لە ناوچەکانی باشووری کوردستان وەک لای سلێمانی و هەورامان و گەرمیان و کرماشان و سنە و هەمەدان سەریان هەڵدا.

پادشایەتی ئاشوور لە پاش ماوەیەکی کەم دەستی دایە فراوانکردنی دەستەڵاتی خۆی و تێ کۆشا کە گشت ئەوناوچەگەلە کە پێشتر لە ژێردەستی میتانییەکاندا بوو بێنێتە ژێر ڕەکیفی خۆییەوە، بۆیە بە بەردەوامی هێرشی دەکردە سەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، باکوور و باشووری کوردستان، لەم هێرشانەدا بەزەییان بەکەسدا نەدەهاتەوە، گۆندەکانیان ئاگر تێ بەردەدا، مەڕ ومالات و خەرمانیان بە تالان دەبردن، زۆر جاران منداڵەکانیان دەکوشت و ژن و پیاوەکانیان دەبردن و دەیانکردن

بە کویلە. ئەم ڕەوشــە بە ســەدان ســاڵ بەردوام بوو، بە ســەدان شــەڕ وبەرخۆدان قەوما، بە دەیان میر و سەرۆک هۆز گیران و بە زیندویی کەوڵ کران. ستەمکاری ئاشــوورییەکان لە ڕادەبەدەر بوو نەک تەنیا بەرانبەر بە کوردەکان بەڵکوو بەرانبەر بە هەموو نەتەوەکـانی ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاســـت وەک بـابلیەکـان و ئیلامییەکـان و ئەورارتووییەکان و جوەکان (موساییەکان) و تەنانەت خەڵکی ئاسایی ئاشووریش.

لە ســەرەتادا بەشـێکی زۆر لە هۆزەکانی کورد پاڵپشـتی فەرمانڕەواییماننایەکانیان کرد بەو هیوایە کە لە ستەمکاری و دەستدرێژییەکانی ئاشوور بیانپارێزێ. بەڵام بە پێچەوانەی ویســت و هیوای خەڵک دەســەڵاتی داننا بوو بە هاوپەیمان و هاوکاری ئـاشـــوور. ئەمە بوو بە هۆی هەڵســـــانی ڕق و تووڕەیی خەڵـک بەرامبەر بە فەرمانڕەوایانی داننا.

ڕەوشــی کوردان لە دۆخێکی زۆر خراپدا بوو، ئاشــوورییەکان پەیتا پەیتا هێرشـیان دەکرد سەر خەڵک و بەزەییان بە کەسدا نەدەهاتەوە. ڕاپەڕین لە دژی دەسەڵاتداری ئاشوور لە چەندین شوێنی جیاجیادا ڕوویاندا بەڵام بە هۆی یەکنەگرتوویی هۆزەکان و بەرتەسکبوونی سەرهەڵدانەکان نەیانتوانی بگەنە ئەنجامێک.

گرینگترین ڕووداوی ئەم ســەردەمە ســـەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی ئائینی بوو کە لە ناوەڕۆکی خۆیدا دژ بە ســـتەمکاری دەســـەلاتدارانی ئاشـــوور و دژ بە ئەو هۆز و دەســـتەڵاتانە بوو کە یارمەتی ئاشـــووریان دەدا. دروشــمی ســـەرەکی ئەم بزوتنەوە ئـاییینی بریتی بوون لە وتەی چـاک و کردەی چـاک و بیروبـاوەڕی پـاک. ئەم بزوتنەوەیە لە نێو هۆزی مۆگان (مۆغان)دا ســـەریهەڵدا بووەوە کە یەکێ بوون لە هۆزە ســـەرەکییەکانی یەکیەتیی مادەکان لە باشـــووری گۆلی ورمێی، ناوەندەکەیان شـاری "ڕاغە" یان "ماد- ڕاغە" بوو. ئەم هۆزە هەر لە کۆنەوە ئەرکی سـەرەکییان کاروباری ئاییینی بوو و وەک ئاترەوان دەناسران. ڕابەر و پەیامبەری ئەم بزوتنەوە ئاییینیە "کەسێک بوو کە بە " زڕا- تخشترا" ناسرا بوو بە واتای پادشای زێڕین کە وشـــەیەکی کوردییە لە ســـەر شـــێوازی گشـــتی مادی کە بە شـــێوازی ئەوێســـتایی (هەورامی) زڕا توشترایيان پێ دەگوت.[34]

---

[34] مادەکان یەک زمانیان هەبوو بە دوو شێوەزارەوە، یەکەم شێوەزاری گشتی مادی کە وەک زمانی فەرمی بەکار دەهات بۆ کاروباری سەربازی و بازرگانی و کارگێڕی. دووەم شێوەزاری ئاییینی یان ئەوێستایی کە شێوەزاری هۆزی مۆغان بوو و کتێبێ ئەوێستایان بەم شێوەزارە نووسیوەتەوە. سەرەکیترین جیاوازی ئەم دوو شێوازارە لە گۆ کردنی پێتی "خ"ێ دایە. واتا ئەگەر پیتی "خ"ێ بکەویتە پێش پیتەکانی "ۆ، و، وو"وە ئەوە دەنگی پیتی "خ"ێ لە شێوەزاری ئەوێستاییدا دەگۆڕدرێت بۆ دەنگێک کە لە نێوان پیتەکانی "و" و "ە" دایە نزیک بە "هو" یان "وە".

چۆن و کەنگێ ماننايیەکان پادشايی خۆيانيان دامەزراندووە، ڕوون نييە. کاتێ لە ساڵی ٨٢٨ پ.ز. ئاشوورييەکان پەلاماری ناوچەکانی دەوروبەری "گۆلی ورمێی"يان دا، پادشای ماننا کەسێک بوو بە ناوی "ئۆئاڵ کەی/ ئۆئاڵ کی"، هەروەها لە نێوان ساڵەکانی ٧٢٥- ٧١٨ پ.ز" ئێرانزو" پادشايەکی بەهێز بوو و توانی دەستەڵاتێکی يەکگرتوو لە ماننادا دابمەزرێنێ. "ئێرانزو" تا کاتی مردنی کەمێک پێش ساڵی ٧١٦ پ.ز. وەک دۆست وهاوپەيمانی ئاشوور مايەوە. پاش مردنی ئێرانزو کوڕەکەی کە نێوی **"ئاز/ ئازا"** بوو نيشتە سەر تەختەوە. ئەويش دەيويست بە هەمان شێوەی باوکی دەستەڵاتداری بکا و هەر وەک باوکی بە هاوپەيمانی ئاشوور بمێنێتەوە. کۆمەڵانی خەڵک و سەرۆک هۆزەکان خوازياری نزيکايەتی و دۆستايەتی لەگەڵ ئاشووردا نەبوون. ئەوان ئاشووريان وەک دەستەڵاتێکی ستەمکار، داگيرکەر و ناڕەوا دەناسی. بۆ ئەوان گرتن و بردن و فرۆشتنی مرۆڤەکان وەک ئاژەل کردەوەيەکی نامۆ و نامرۆڤانە و دژ بە بير و باوەڕی ئايينيان دەژمێردرا، هەر بۆيەش سێ کەس لە سەرۆک هۆزە بەهێزەکان **"مەتا- تی"** سەرۆکی هۆزی زيگرتو، **"تلۆسينا"**[35] سەرۆکی هۆزی ئانديا و **بەگداتوو** فەرمانڕەوای هويش دێش (ناوچەی مەراغە) لە دژی **"ئاز"ی- دهاک/ ئاز-ی دهيوکا" ( ئاز- ی سەرۆک وڵات)** پادشای ماننا ڕاپەڕين و دوای دەستگيرکردن و کوشتنی، تەرمەکەيان فڕە دا.

لە پاش کوشتنی "ئاز-ی دهاک " بەگداتوو بۆ ماوەی چەند مانگێک دەستەڵاتی گرتە دەست. بەڵام ماوەيەکی زۆری نەخاياند کە سارگۆنی دووەم بەپەلە خۆی گەياندە ئەوێ و توانی بەگداتوو دەستگير بکا و فەرمانی دا کە هەر بەزێندويی کەوڵی بکەن و لەشەکەيشی بۆ پەند لە پێش چاوی خەڵک هەڵواسی[36]. [بەگداتوو يان بەغداتوو ناوێکی کۆنی زەردەشتييە، لەوانەی لە نەوەکانی زەردەشت بووبێ، چونکە زەردەشتيش بۆ خۆی پێشتر فەرمانڕەوای "ماد- ڕاغە" بوو. بەغدات بە واتای خۆداداده، **"و"**ێ لە پاش ناوی بەغدات پاشگرێکی باوی ماديیە کە ئێستاش لە کوردی شێوەزاری کرمانجيدا هەر ماوەتەوە].

---

35 **تلۆ سينا:** تلۆی کوڕی سينا، سەرۆکی هۆزی ئانديا کە لەگەڵ بەگداتوودا لە دژی ئازا پادشای ماننا ڕاپەڕی. تلۆ ناوی خۆيەتی و سيناش ناوی باوکيەتی. ناوی تلۆ/ تێلۆ،ئێستاش لە شێوەزاری کرمانجيدا هەر باوە. "حەسەن تێلۆ شکاک (حەسەنی کوڕێ تێلۆ) يەکێ لە هاوڕێيانی قازی موحەمەد بوو لە سەفەری ڕووسيادا(سوڤيەت). هەروەها ڕێبەری ڕێکخراوی "يەکيەتی ليبراڵی کوردستان لە ڕوژئاوا ناوی "فەرهاد تێلۆ"يە. **"سينا"**ش ناوێکی کۆنی ئێرانييە. ناوی باپێرە گەورەی زانای بەناوبانگ "ئەبو عەلی حوسين کوڕی عەبدوڵڵا" کە لە ساڵی ٣٥٦ کۆچيدا لە "بوخارا" لە دايک بووە "سينا"بوو، هەر بۆيەش بە ئەبۆ عەلی سينا بەناوبانگە.

36 مێژوی ماد، ا.پ. دياکۆنۆڤ وەرگێڕانی کەريمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ.٢٦١

**کە وابوو لێرە دیار دەبێ کە "ئاز- ی دهاک"ی ماننایی کە پاشـای کوردان بوو لە ڕاپەڕینێکدا بە دەستی خەڵکی ناوچەکە کوژرا.**

لێرە بەولاوە ئیتر ڕووداوی یەکەم واتا بەســەرهاتی "ئازی دهاک" کۆتای پێ دێت. سـارگۆن کوڕەکەی دیکەی ئێرانزو واتا براکەی ئازی دهاک کە ناوی "ئولوسـونۆ" بوو لە جێگای "ئاز/ ئازی دهاک" دانا وەک سەرۆکی وڵاتی ماننا.

لەمەولا ئیتر ڕووداوی دووەم واتا هەر ئەوەی کە فێردەوسی وەک شەڕی فەریدون لەگەڵ زۆحاک باسـی لێ دەکات دەست پێ دەکا. لە پاش هاتنی سـارگون و کوشتنی بەگداتوو، دوو سـەرۆکەکەی تر واتا تلۆ- سینا (تێلۆ سـینا) و مەتا- تی هەڵدێن و لە ناوچەکە دوور دەکەونەوە. لەم ســەردەمەدا توڕەیی و بێزاری خەڵک گەیشــتەبووە ئەوپەڕی خۆی، سەرهەڵدان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەستی پێ کردبوو. بە وتەی دیاکۆنۆڤ هەرلەم کاتەدا واتا ســاڵی ٧١٦ پ.ز. دیاکۆ یەکێک بوو لە ســەرۆک هۆزەکانی ماد کە ســەرۆکایەتی میرنشـینێکی نیوەســەربەخۆی دەکرد لە نـاوچەیەک لە نێوان بیجـار و زەنجـان. دیـاکۆ لە ســـالێ ٧١٥ی پ.ز. لە لایەن ســـارگۆنەوە دەســـتگیر دەکرێ و دوور دەخرێتەوە بۆ ســـوورییە. بەڵام وا دیارە کە هۆزەکەی دیاکۆ و بە ئەگەری زۆر کوڕەکانیشـی لەوانە "فەروەرتێش / فەرائورت" هەر لە ناوچەکەدا دەمێننەوە و لە چیا سـەخت و عاسێیەکاندا خۆیان حەشـار ئەدەن. گۆمانی تێدا نییە کە ژمارەیەکی زۆر لەخەڵک بە تایبەت جوانەکان لە پاش کوشتنی بەگداتوو لە ناوچەکانی ســەقز و بۆکان و مەراغە و بیجار لە ترســی داگیرکەرانی ئاشووری بەرەو شوێنەکانی نێوان بیجار و هەمدان و بیجار و زەنجان هەڵاتوون و لە لای فەروەرتیش کوڕی دیاکۆ گرســاونەتەوە، چونکە بە قســەی دیاکۆنۆڤ **لەو نـاوچەیەدا شــوێنێـک بە نـاوی "کـارکـاشـــی" ببووە نـاوەنـدی گردبوونەوەی سەرهەڵدەران.**

[بەپێی بۆچوونی دیاکۆنۆڤ کار کاشـی ئەو شـوێنەیە کە خشـتەریتە لێ دامەزرا بوو و وەک بارەگایەکی جەنگی مادەکانی لێ هاتبوو لە دژی داگیرکەرانی ئاشووری].

لێرەشـدا باشـە ئاماژەیەک بە واتای ناوی "کارکاشـی" بکرێت. ئەم دەسـتەواژەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە بڕگەی یەکەمی "کار" لە کوردی شــێوەزاری کرمانجیدا چەندین مانای هەیە، یەکێک لەوانە واتای "خۆئامادە کردنە" بەگشتی و "خۆ ئامادە کردنە بۆ جەنگ" بە تایبەتی. بڕگەی دووەم "کاش" وشــەیەکی ئاســایی کوردیی

کرمانجییە کە واتای "کەش / کێو" دەدات، پێکەوە واتای کێوی جەنگی یان شوێنی خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ دەدات.

**"دیاکۆنۆڤ لە ل.پ. ٣٣٠ کتێبی مێژووی ماددا دەڵێ[37]: مادەکان خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ خەبات لە دژی ئاشوور، لەو کاتەدا سکیتەکان هاوپەیمانێکی باش بوون بۆیان بە تایبەت کە ماننایەکانیش لە هەمان کاتدا هاوپەیمانی سکیتەکان بوون، بەڵگەش لە بەر دەستدایە کە ئیلامیش ئامادە بوو بۆ یارمەتیدانی ڕاپەڕینەکە، کە وابوو هەموو ئەو هۆزانە هەر لە ڕووباری کۆرا لە باکوورەوە هەتا کەنداوی فارس لە باشوورەوە بەرەیەکی یەکگرتوویان پێک هێنابوو بۆ تێکشاندنی تەوقی داگیرکەری ئاشوور". ڕاپەڕینەکە لە ساڵی ٦٧٣ی پ.ز. لە نێوان مانگی مارس- ئاپریل [واتا لە مانگی نەورۆزی کوردیدا= نووسەر] دەستی پێ کرد.**

"ڕاپەڕین و شەڕ لە دژی ئاشوور لە هەموو ناوچەکانی بندەستی ئاشووردا لە یەک کاتدا دەستی پێ کرد، خەڵکی ڕاپەڕیو دژەکانی ئاشووریان لە هەموو شوێنەکاندا گەمارۆ دابوو. بەپێی ئەوبەڵگەنامانە کە پادشایانی ئاشوور بۆ خۆداکانی ئاشووریان نووسیوە و داوای یارمەتی و ڕاوێژیان لێ کردووە، وا دیارە شەڕی گەورە لە لای هەمەدان واتا لە ناوچەی خەشتریتە ڕووی دابوو، مادەکان توانیبوویان خۆیان فێری تاکتیکی تایبەت بۆ شەڕ لە دژی ئاشوورییەکان بکەن، هەر لەو کاتەدا کە هێزی هۆزەکان دژەکانی ئاشووریان گەمارۆ دابوو، هێزەکانی شکیدا (سکیتەکان) کە لە جەنگی سوارەدا بێ وێنەبوون و دەیانتوانی لە کاتی سواری وغاردان لەسەر پشتی ئەسپەکانەوە کەمان بکیشن و تیر بهاوێژن، ستونی سەربازان و کاروانی جەنگی ئاشوورییەکانیان پەرێشان و شڕ کردبوو. ئەم ڕاپەڕینە وەکوو ئاگر تەشەنەی سەندبوو و هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئاشووری گرتبووەوە. تەنانەت ڕاپەڕینیش گەیشتبووە بیت هامبان (ناوچەکانی کرند، سەرپێڵ، ئیلام و خانەقین).

**ڕاپەڕینەکە لە ناوەندەکانی سەرەکی خۆیدا واتا لە بیت کاری (لای هەمەدان)، لە مادای (لای زەنجان- ماهنشان)، لە سپاردا (لای بیجار) بە سەرکەوتن گەیشت، و هێز و دەسەڵاتی ئاشوور لەم ناوچەگەلەدا بە یەکجاری تێک شکێنرا. سەرچاوەکانی مێژوویی لەمە بە دواوە لە باتی ناوی ئەم سێ ناوچەیە باسی پادشایەتی سەربەخۆی ماد دەکەن.** سەرکەوتنی ڕاپەڕینی مادەکان لەژێر

[37] مێژووی ماد دیاکۆنۆڤ، وەرگێرانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ.٣٣٠ .

سەرکردایەتی خەشتریتە توانی ئارەزووی کۆمەڵانی دانیشتووی ماد بە دی بینێ کە زیاتر لە سەد ساڵ بوو خەباتیان بۆ دەکرد، هۆکاری سەرەکی ئەم سەرکەوتنەش هەواداری کۆمەڵانی خەڵک بوو لەم ڕاپەڕینە. وەلێ سەرەڕای ئەم شکستەش ئاشوورییەکان توانیان دەستەڵاتی خۆیان لە ناوچەکانی خارخار، کێشە سو و بیت هەمبان بپارێزن."[38]

بەڵام خەبات لە دژی داگیرکەرانی ئاشووری درێژەی هەبوو، کەیخەسرەو لە نێوان ساڵەکانی ٦١٦- ٦١٥ شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتی ماننای داگیر کرد و بەرەو ئاشوور ملی نا. لە ساڵی ٦١٤پ.ز. هێزەکانی ماد بە فەرمانی کەیخەسرەو پەلاماری شاری "تەربیس"یان دا و داگیریان کرد و لە ڕووباری دیجلە پەڕینەوە (هەر بەو جۆرەی کە فێردەوسی دەڵێت)، و دواجار شاری پیرۆزی ئاشوورییەکان واتا "ئاشوور"یان داگیر کرد، دەسکەوت و دەوڵەتیکی (ثروت) زۆریان و دەست کەوت.

لە ساڵی ٦١٣ پ.ز.دا سپای ماد پێکەوە لەگەڵ سپاکەی بابل گەمارۆی نەینەوایان دا، سێ جاران لە قەراخی "شوورا"(حصار، دیوار)ی نەینەوادا نەبەردیان کرد، هیچیان سەر نەکەوتن. سەرئەنجام لە مانگی "ئاب"ی ساڵی ٦١٢ بە هۆی گێرانەوی ئاو بۆ ناو نەینەوا توانرا دیوارەکانی نەینەوا بڕووخێنن و لە ناو شارەکەدا سپای ئاشوور تەفروتوونا بکەن، و ئاگر لە کۆشک و سەراکانیان بەردەن. ساراک پادشای ئاشوور، بنەماڵەکەی و ئەو کەسانەی لێوە نزیک بوون خۆیان هاویشتە ناو گڕی ئەو ئاگرەی کە لە کۆشکەکەی بەربووە. بەم جۆرە مادەکان توانیان دوایی بە دەستەڵاتی شومی یەکێ لە خوێنڕێژترین فەرمانڕەواییەکانی جیهانی کۆن بێنێن، و نە تەنیا مادەکان بەڵکوو گشت هۆز و نەتەوەکانی تری ئەو سەردەمە تەنانەت خەڵکی ئاسایی و بندەستی ئاشووریش لە بن ستەمگەری فەرمانڕەوایانی ئاشوور ڕزگار بکەن. پاشماوەی هێزەکانی ئاشوور چوون و لە حەران خۆیان ڕێکخستەوە، بەڵام چەند مانگێک دواتر لە لایەن مادەکانەوە تێک شکێندران.

لە دووای ئەم سەرکەوتنە، لە هەموو ناوچەکانی مێزوپۆتامیا و لە بەشێک لە ناوچەکانی ئاسیادا دەبێ بە جێژن و سەردەمێکی نوێ. ئەم سەرکەوتنە بەتایبەت بۆ کوردان یگجار گرینگ بوو، هەر بۆیەش لەسەر بانی ماڵان و لە سەر شاخان ئاگر وەک نیشانەیەک بۆ سەرکەوتن هەڵ دەکەن. هۆی جێژنی کوردان ئەمانە بوون:

---

[38] مێژووی ماد دیاکۆنۆف، وەرگێرانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ. ٣٣٦- ٣٤٤

١- ڕزگاربوونی یەگجاری هۆزەکانی کورد و هۆزەکانی نەتەوەکانی ترلە دەستی داگیرکەری و ستەمکاری ئاشوور.

٢- سەرکەوتنێکی ئایینی، سەرکەوتنی دینی زەردەشتی و ئاهورامەزدا بە سەر بتپەرەستی و خۆدایانی ئاشووردا.

٣- سەرکەوتنێکی گەورە بۆ پەرەپێدان بە ئیمپراتوری ماد.

٤- دەسکەوتێکی زۆری جەنگی کە پادشایانی ئاشوور بەسەدان ساڵ کۆیان کردبووەوە.

**لێرەدا بە جوانی ڕوون دەبێتەوە کە ڕووداوی ڕاپەڕین لە دژی "ئاز-ی دهاک" پادشای ماننایی و کوشتنی بە دەستی دانیشتووان و هۆزەکانی ناوچەکە بە تەواوەتی جیاوازە لە ڕووداوی دووەم شۆڕشی هۆزەکانی ماد کە فێردەوسی لە هەڵبەستەکانی خۆیدا وەک شوڕش و ڕاپەڕینی خەڵک بە سەرکردایەتی فەریدون لە دژی زۆحاکی سامی لەئەوبەری ڕووباری ئەڵوەند (دجلە) باسی لێ دەکا.**

**بەڵام لە هەمان کاتدا نابێ فەرامۆش بکرێت کە ئەمانە دوو ڕووداوی جیاوازی یەک پێواژۆی (پرۆسەی) مێژووییین، ئەویش پێواژۆی خەبات و شۆڕشی هۆزەکانی دانیشتووی وڵاتی کوردەواری لە دژی داگیرکەری ئاشوور و هاوپەیمانەکانی و بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان. سەرکەوتن بەسەر ئاشووردا بەبێ ڕووخاندن و لابردنی فەرمانڕەوایی مانئا نەدەگونجا.**

مەبەست ئەوەیە ئەگەر ئەم دوو ڕووداوە لە لایەن فێردەوسییەوە لەگەڵ یەکتردا تێک ئالاون و وەک یەک چیرۆک و یەک ئەفسانە دەگێڕدرێتەوە لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە شتێکی ڕاستە و درۆی تێدا نەکراوە. بۆ نموونە دەکرێ بگوترێ کە شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزای دێرسمی و قازی مۆحەمەد ڕابەری کوردان بوون کە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردان خەباتیان کرد و گیانی خۆیانیان لەم ڕێگایەدا بەخت کرد، هەر چەند شوێنی ڕووداوەکان لەیەک دوور و کاتەکانیشی لە یەک جیاواز و دوژمنەکانیشیان یەکێ نین بەڵام ئەمە ڕاستییەکی مێژووییە.

## ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە:

١- "ئاز- ی دهاک پادشـــای ماننا بووە کە بە تاوانی هاوپەیمانی لەگەڵ دوژمنـان و بەرەنگـارنەبوونەوەی داگیرکـاران لە ڕاپەڕینێکـدا لە لایەن خەڵکی وڵاتەکەی خۆییەوە کوژرا.

٢- سپای مادەکان (کوردەکان) لە ڕووباری ئەڵوەند (دجلە) پەڕیونەتەوە بۆ تێکشکاندنی زۆحاکی سامی (پادشایەتی ئاشوور).

٣- جەنگ و شـۆڕشـی مادەکان لەگەڵ ئاشـوور (زۆحاک) لە ئەوبەری ڕووباری دێجلەوە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ شـەڕی کورەش و ئاسـتیاگەوە نییە کە لە ناوخۆی وڵات و لە باشووری ئێراندا قەوماوە.

٤- زۆحاک پادشـایەکی ستەمکار و خوێنڕێژ بووە کە زۆربەی شـاکان و سـەرۆک هۆزەکانی تری ناوچەکەی کوشـتوە، ئەمە لە کاتێکدا ئاسـتیاگ پادشـایەکی ئاشـتیخواز بووە و لە سـەردەمی ئەودا هیچ شـەڕێکی وا بە مەبەسـتی داگیرکـاری نەکراوە، وهیچ پـاشـایەکیش لە لایەن ئەوەوە نەکوژراوە، و بەپێی لێکۆڵینەوەکانی دیاکۆنۆڤ هەر ئەوەش بوو بە هۆی ناڕەزایەتی کورەش و هەرپاک و فەرماندە سەربازییەکانی تر کە بە تەمای دەسکەوت و تاڵانی وڵاتانی تر لە ڕیگای جەنگەوە بوون.

٥- وشـەی نەورۆز لە سـەردەمی سـاسـانییەکاندا وەک نوک ڕۆژ و نوک ڕۆچ گۆ کراوە کە ئاماژەیەکە بۆ پەیوەندی ئەم وشەیە بە زمانی کوردییەوە و وادیارە کە لە پاش ساسانییەکان ئەم وشە گوردراوە بۆ نەورۆز.

**٦- نەورۆز جێژنی هەموو گەلانی نـاوچەکەیە. هەر وەک دیـاکۆنۆفیش دەڵێ: "بۆ خەبات و شـۆڕش لە دژی ئاشـوور و تەفروتوونا کردنی دەسـەڵاتی شـوومی، هەموو نەتەوە و هوزەکانی ناوچەکە بە کورد و پارس و ئیلام و بابل و جوو (موسـایی) و تەنانەت خەڵکی ئاسـایی ئاشووریشەوە یەکدڵ و یەکگرتوو بوون".**

**ئەم شـۆڕشــە شـۆڕشـی هەموو گەلانی ناوچەکە بوو بە سـەرکردایەتی مـادەکـان. بۆیە زۆر ئـاسـاییە کە نەورۆزیش وەک جێژنی ڕزگـاری و ئـازادی ببێتە جێژنی گشـت نەتەوەکـانی نـاوچەکە و هەمووان ئەمە بە جێژنی خۆیانی بزانن.**

## ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر وێنەی سەربەرگەکە:

کەیخەسرەو لە سـاڵی ٥٨٥ پ.ز. کۆچی دوای کرد و فەرمانڕەوایی کەوتە دەست کوڕەکەی بە ناوی "ئاسـتیاگ". بەپێی بۆچوونی دیاکۆنۆڤ گۆڕی کەیخەسـرەو لە ئەشـکەوتی قزقاپانە لە چەمی ڕێزان لە نزیکی شـاری سـلێمانی و دەڵێ ئەو دوو پەیکەرە کە لەسـەر ئەشـکەوتەکە هەڵکەندراون یەکێکی پەیکەری نابوپاڵاسـار پادشای بابل و ئەوی دیکەش پەیکەری کەیخەسرو پادشای مادە، کە بۆ گرینگی پێ دان و بیرەوەری لەو پەیمـانەی نێوانیـان لە دژی ئـاشـوور لەوێ هەڵکەنـدراوە. دیاکۆنۆڤ پێ وایە ئەوەی کە لە لای ڕاسـتە پەیکەری کەیخەسـرووە، بەڵام لەوە دەچێ ئەوەی لای چەپیان پەیکەری کەیخەسرەو بێت چونکە:

**یەکەم:** کەیخەسرەو بەتەمەنتر و پیرتر بوو لە نابوپاڵاسار.

**دووەم:** پادشـاکەی لای چەپ جلوبەرگەکەی ئەسـتوورتر و شـوڕە لەوە دەچێ لە پێسـتی ئاژەڵ بێت، بەڵام ئەوەی لای ڕاسـت جلوبەرگەکەی زۆر ئەسـتوور نییە. کەیخەسـرەو لە هەگمەتانە (هەمەدان) دادەنیشـت کە یەکێ لە ساردترین شـارەکانی ئێران و کوردستانە جلوبەرگی وا شوڕ و ئەستوور گونجاوترە بۆ ئەوەی، بەڵام بابل لە باشـووری ئێسـتای ولاتی عێراقدا بوو کە شـوێنێکی زۆر گەرمە وپێویسـتی بە جلوبەرگی گەرم و پێستی ئاژەل نەبووە.

**سێیەم:** جلوبەرگی پادشاکەی لای چەپ لە جلوبەرگی کوردیی کۆن دەچێ.

لەوانەیە کە هۆزە جۆربەجۆریەکانی ماد جلوبەرگی جۆراوجۆریان لەبەر کردبێت، بەڵام ئەو جلوبەرگە کە جاران مەلا و شێخەکانی کورد لەبەریان دەکرد، لە چەشنی هەمـان جلوبەرگە کە هەر ئێسـتـاش کوردەکـانی لای گەرمیـان لەبەری دەکەن و جارانیش لای کەرکووک و کرماشـان و سنە و سلێمانی وبگرە زۆر شوێنی تریش لەبەر دەکرا، دەکرێت بگوترێت کە جلوبەرگی مادییە، کە لە ڕاسـتیدا لە دەسـی

(فورمی/ مۆدێلی) هەمان جلوبەرگی ژنانەی کوردییە. جلوبەرگی پیاوان و ژنان جیاوازییەکی وایان لەگەڵ یەکدا نەبوو، کەواکەی هەمان کەوا (ڤیستان)ی ژنانەیە، پانتۆڵەکەی هەردوکیان دەڵێن، ژنەکان کوڵەنجە و پیاوەکان سەڵتەیان هەبوو کە هەردووکی هەر یەک شت بوون، هەردووکیان پشتوێنیان هەبوو، هەردوکیان کڵاو وسەروین یان کڵاو و مێزەریان هەبوو.

جیاوازی جلوبەرگی پیاوان و ژنان لە دووشتدا بوون. کراسی ژنەکان شۆڕ بوو هەتا سەر پێیان هەر وەک کراسە کوردییەکانی ئەمرۆ بەڵام کراسی پیاوەکان کورت بوو. بێجگە لەمە ڕەنگی جلوبەرگی پیاون ڕەش و بۆر بوون بەڵام هی ژنەکان ڕەنگاوڕەنگ بوون.



جلوبەرگی پیاوان لە سلێمانی بەر"دەرکی سەرا" ساڵی١٩٣٠ زایینی [39]

[39]http://www.kurdipedia.org/imageviewer.aspx?id=6338&pid=20100830112006338&lng=1




جلوبەرگی "میرعلی بەگ" میری ئیزدیان وهاوڕێیەکانی لە ساڵی ١٩٠٩ زایینی [40]



جلوبەرگی کوردانی ڕۆژهەڵات ناوچەی ئەردەڵان ساڵی ١٩١١ زایینی [41]

---

[40] https://i.pinimg.com/originals/8d/cc/77/8dcc77abbedafd0796548b8447baa0b8.jpg
[41] http://www.gerty.ncl.ac.uk/photo_details.php?photo_id=4370



جلوبەرگی کوردانی یارسان لای کرماشان سەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینی [42]

**چوارەم:** جلوبەرگی پادشـــاکەی لای چەپ لە جلوبەرگی پەیکەری ئەو پیاوە مادییە دەچێ لە ســـەرپێڵی زەهاو، کە بە "گۆر دەخمەی کەل داوود" ناســـراوە، (بڕوانە بۆ وێنەکەی خوارەوە).

[42] https://www.pinterest.se/pin/831688256159183771/



پەیکەر گەورە پیاوێکی مادی لە "گۆر دەخمەی کەل داوود"[43]

**پێنجەم:** جلوبەرگی پادشـــاکەی لای چەپ لەو جلوبەرگانە دەچێ کە لە پەیکەرە بەردینەکانی سـەردەمی هەخامەنشـی دیار دەکەون و بە پەیکەری سـەربازانی مادی دەناسرن.(سەیری وێنەکانی خوارەوە بکە)[44].

[43]https://www.google.se/search?q=%D8%AF%D9%88%DA%A9%D8%A7%D9%86+%D8%AF%D8%A7%D9%88%D8%AF&tbm=isch&tbo=u&source=

[44]https://www.google.se/search?q=%D8%AA%D8%B5%D9%88%DB%8C%D8%B1+%D9%87%D8%AE%D8%A7%D9%85%D9%86%D8%B4%DB%8C&tbm=isch&imgil=


© MEHR











## ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئارامگای کەیخەسرەو:



**ئارامگای کەیخەسرو لە چەمی ڕێزان لای سلێمانی**[45]

لێرەدا لەوانەیە بۆ بەشێک لە خەڵک ئەمە پرسیار بێت کە بۆچی گوڕی کەیخەسرەو لەو ئەشکەوتە و لەو شوێنە بەرزەدایە؟ بۆچی لە شوێنێک نییە کە خەڵک بە ئاسانی بتوانێ سەردانی مەزارەکەی بکات! وەڵامەکەی دەتوانێ ئەمە بێت کە لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئائینی زەردەشتی بەپێی باوەڕەکانیان، ئاو، خاک، هەوا و ئاگر پیرۆز بوون و کەس بۆی نەبوو پیسیان بکات. بۆ نموونە لە کوژاندنەوەی ئاگر، لە پیسکردنی ئاوەکان و لە ناشتنی مردوەکان لە خاکدا خۆیان دەپاراست، هەر بۆیەش بۆ ئەوەی کە خاک پیس نەبێ، مردوەکانی خۆیانیان لەسەر بەرزایی کێوەکان دادەنا

[45]https://www.google.se/search?q=%D9%82%D8%B2%D9%82%D8%A7%D9%BE%D8%A7%D9%86&tbm=isch&tbo=

و لەوێ دەبوون بە خۆراکی مار و موور (ئەم دەستەواژەیە لە کوردیدا ئێستاش هەر ماوەتەوە). لەپاشان کاتێ گۆشت و پێستی لەشی مردووەکە لێ جیا دەبووەوە و تەنیا ئێسک و تروسکی لێ دەمایەوە، ئەو پێشەو پەلانەیان لە شێونێکی نزیک بە لەشی مردوەکە چاڵ دەکرد. لەو کاتەدا بەم چاڵەیان دەگوت "ئەســتە- دان"[46]، کە ئەگەر وەربگێڕدرێتەوە سەر کوردی ئەمڕۆ دەبێتە "هێستی-دان" بە واتای جێگای ئێسـک (هێستی وشـەیەکی کوردییە لە شێوەزاری کرمانجیدا بە واتای ئێسـک). بەڵام دیارە لەو ســەردەمەدا زۆر بۆیان زەحمەت بووە کە کەسـێکی وەکوو کەیخەســرەو کە پادشای گەورەترین ئیمپراتوری جیهانی کۆن و لە هەمان کاتیشدا ڕێبەری شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی گەلان بوو، هەروا لەســەر کێو و شـــاخێک بەجێ بهێڵن. هەر بۆیەش لێرە چارەســەرێکی تریان بۆ ئەم کێشــەیە دۆزیوەتەوە و فێڵێکی شــەرعییان کردووە، لەشـــەکەیـان لە بەرزاییەک لەنێو ئەشـــکەوتێـک دانـاوە و دواجـاریش شـوێنکەیان بۆ کردووە بە ئارامەگایەک. ئەم شـێوازە لە ناشـتنی کەیخەسـرەو وەک نەریتێک بۆ پادشایان و سەرکردەکانی تری مادیش بەکار هێنراوە.

---

[46] ملیحە مهدوی، سگدید، رانش اهریمن. کتاب ماه ادبیات و فلسفە، ١٣٧٩

## سەرچاوەکان:

مێژوی ماد، دیاکۆنۆف وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥

فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥

لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەر بارەی مێژووی کۆنی وەڵاتی کوردەواری، د.ج. ڕەشید

یارسان لە نووسینی ئەیوب ڕوستەم ساڵی ٢٠٠٦ زایینی، ل.پ ١٤٦

کتێبی ناسنامەی زمانی کوردی بەرگی یەکەم، فازڵ ئوسولیان، ٢٠١٥

(یادداشتهای گات ها، ابراهیم پورداود، تهران ١٣٨١

آرتورکریستنسن نخستین انسان و نخستین شهریار، نشرنو

ابوحنیفه دینوری، الاخبار الطوال، تحقیق عبدالمنعم عامر مراجعه جمال الدین شیال (قم: منشورات ارضی، ١٣٦٨ش) ص٤-٥.

مهرداد بهار، پژوهشی در اساطیر ایران، چاپ پنجم پائیز ١٣٨٧، نشر آگاه.

حماسه سرایی در ایران، ذبیح الله صفا.

فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٩

فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردی ناوەڕاست، بێدار، هولێر ٢٠١٠

کتاب سبک شناسی، محمد تقی بهار "ملک الشعرا"، جلد -١، چاپ چهارم ساڵ ٢٥٣٥ شاهنشاهی، برای تدریس در دانشکده و دوره دکترای ادبیات.

نوروز، پروفسور گایگر آلمانی، ، کاوه، شمارۀ 6/5، 18 آوریل 1916

آئین پارسی شماره ٨٤ ماجرای کاوه و ضحاک در شاهنامەی فردوسی ص ٥٢، دکتر سید جعفر حمیدی.

http://farhangi.um.ac.ir/portal/?q=node/16719 (2015-12-12)

http://marefatema.ir/%D8%B9%DB%8C%D8%AF-%D9%86%D9%88%D8%B1%D9%88%D8%B2/

http://www.ibna.ir/fa/doc/report/197210/ (2014-04-11)

http://tarikhirani.ir/fa/news/54/bodyView/575/ (1393/3/8)

http://www.tebyan.net/newindex.aspx?pid=218224 (2015-12-12)

http://eslahe.com/3387/

http://nemoonenokhbeh.blogfa.com/post/20

http://www.iranvij.ir/504307/%D8%B9%DB%8C%D8%AF%D9%86%D9%88%D8%B1%D9%88%D8%B2-%D8%AF%D8%B1

http://www.ensani.ir/storage/Files/20120327182650-3063-184.pdf (2016-04-17)

https://www.google.se/search?q=%D8%AA%D8%B5%D9%88%DB%8C%D8%B1+%D9%87%D8%AE%D8%A7%D9%85%D9%86%D8%B4%DB%8C&tbm=isch&imgil= (2017-08-23)

https://www.google.se/search?q=%D8%AF%D9%88%DA%A9%D8%A7%D9%86+%D8%AF%D8%A7%D9%88%D8%AF&tbm=isch&tbo= (2017-08-25)